گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/ptsqx616
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 13/10/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 23/12/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

# ڕۆڵی فەرهەنگ لە بە ستانداردکردنی زماندا

هاوسەر نەوزاد فقی إبراهیم[1] - م.ی. ڕێبوار حەسەن ئیبراهیم[2]
rebwar.hassan@uor.edu.krd - hawsar@uor.edu.krd
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە زیندوەکانی دونیا، بۆ چەند زار و شێوەزار و بنزارێک دابەشبوە، هەر یەکێک لەم شێوانە هۆکارێکی خۆی هەیە، بۆ دروستبونی، جوگرافیا، سیاسی لەو هۆکارانەن، کە زۆرترین کاریگەرییان هەبوە لەسەر دروستبون زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی، لەبەرئەوەی کاتێکی زۆر بەسەر ئەم دابەشبونەی زمانی کوردیدا تێپەڕیوە، کارێکی ئاسان نییە بتوانین هەمویان بکەین بە زمانێک، بەڵکو دەبێت هەوڵبدەین ئەم جیاوازیانە لە ژێر چەتری یەکێک لەم شێوەزارانەدا کۆبکەینەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ناساندنی یەکێک لەم شێوەزارانە دەبێت وەک زمانێکی فەرمی ئەویش زمانی (ستاندارد)ە، کە لەم ڕێگەیەشەوە نەمانتوانی ئەمە بکەین، پەنا بۆ ڕێگە و هۆکاری تر دەبەین، کە دەکرێت ڕۆڵی هەبێت لە یەکخستنی شێوەزارەکانی زمانێک. لە ئەنجامی ئەم یەکخستنەدا زمانی ستاندارد دروستببێت، ئەویش فەرهەنگە، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا باسمان کردوە و ڕۆڵیمان خستۆتەڕو فەرهەنگە، بەتایبەتی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی، لەبەرئەوەی فەرهەنگ بە گشتی و فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی بەتایبەتی، هۆیەکە بۆ پاراستن‌و کۆکردنەوەی وشەکانی زمانێک بێ جیاوازی، دەشێت ڕۆڵیش ببینێت لە دروستبونی زمانی ستادارد بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد، ئەمەش بە بەشداری شارەزایانی ئەم بوارە دەبێت.

لەم توێژینەوەدا پلانی بونیادنانی زمانێکی ستانداردمان خستۆتەڕو، زمانێک، کە بتوانێت ببێتە زمانی فەرمی پارچەکانی کوردستان، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی سەرجەم زار و شێوەزارەکانی زمانەکە.

باسی فەرهەنگ بە گشتی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدیامان کردوە، کە دەشێ بەهۆی ئەم فەرهەنگەوە، بتوانین هەم پارێزگاری لە وشەکانی زمانەکەمان بکەین، هەمیش بتوانین بەهۆیەوە ئەو زمانە بنیاتبنێین، کە هەر چوار پارچەی کوردستان، پێی بنوسن و لە بواری پەروەردە و فێرکردندا بەکاریبهێنن، لە توێژینەوەکەماندا هەندێک لەم وردەکارییەنەمان باسکردون، کە هەم بۆ بنیاتنانی زمانی ستاندارد پێویستن، هەمیش بۆ فەرهەنگ، ئینجا ئەوەشمان باسکردوە، کە بنەمای دروستبونی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی یەکسانە بە بنەمای دروستبونی زمانی ستاندارد.

**کلیلە وشە:** فەرهەنگ، زمانی ستاندارد، پلان، ئینسایکلۆپیدیا.

# The Role of Dictionaries in Standardizing Language

**Hawsar Nawzad F Ibrahim**[1] **Rebwar Hassan Ibrahim**[2]

[1-2] Kurdish Department, College of Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**:

Being one of the world's languages, Kurdish language consists of several dialects, there is a reason and factor behind having each of these dialects such as political geography which is one of the most influential factors behind forming such dialects and accents. Because it has been a long time since such divisions over Kurdish language, it is not an easy task to make and create one language out of them. Rather, it is better to unify such differences under one of these dialects. This is done through introducing one of the dialects as the official language. And if we could not do this, we refer to other means that can help us in unifying the dialects of a language. As a result, the standard language will be created, which is the dictionary discussed in this research and highlighted its critical role especially the Encyclopedic dictionary. Because dictionary in general, and encyclopedic dictionary in particular is considered as a means of collecting and protecting the words of a language without distinction. It can also lead to form a standard language for a nation like Kurds; this can be achieved by the professionals' participation in this field.

In this study, a framework is being proposed to develop a standard language that can become a formal and standard language for all four parts of Kurdistan considering the characteristics of the dialects of each part.

This study further discusses dictionaries in general and encyclopedic dictionaries in particular in which we can protect our language's vocabularies and form such language that all the four parts of Kurdistan can use in writing and use it in education process. In this research, all these details have been discussed that are necessary to form a standard language and for the dictionary as well which is the basis of forming the encyclopedic dictionary and is equal to forming the standard language.

**Keywords:** Dictionary, standard language, linguistic unification, encyclopedic dictionary, Kurdish language.

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (**ڕۆڵی فەرهەنگ لە بە ستانداردکردنی زماندا**) تەرخانکراوە، بواری مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگسازی دەگرێتەوە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری ئەم توێژینەوەیە زمانی کوردی کرمانجیی ناوەڕاستە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی ڕێبازی وەسفیکراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی فەرهەنگ لە بە ستانداردکردنی زماندا، بە لەبەرچاوگرتنی بنەماکان بۆ بنیاتنانی فەرهەنگ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ڕێگە خۆشکردنە بۆ دروستکردنی فەرهەنگێکی گشتگیر- ئینسایکلۆپیدی، ئەمەش دەبێتە بنەما بۆ بنیاتنانی زمانی ستاندارد.

**گرنگی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا، ئەوەمان بۆ ڕوندەبیتەوە، کە فەرهەنگ چ ڕۆڵێک دەگێڕێت لە بە ستانداردکردنی زمانێکدا، بەتایبەتی لەو زمانانەی، کە هاوشێوەی زمانی کوردین، لە ڕوی بونی چەندان زار و شێوەزاردا، تاکە هۆکارێک

بۆ کۆکردنەوە و دەرخستنی خاڵی هاوبەش و جیاواز لە نێوان ئەم زار و شێوەزارانەدا فەرهەنگە، مادام فەرهەنگیش ئەو ڕۆڵە دەبینێت، بێگومان ئەمە دەبێتە بناغە بۆ بە ستانداردکردنی زمان.

**گرفتی توێژینەوەکە:** هەر زانیارییەک، دەربارەی زمان هەمانە، دەبێت لە پێشەکی فەرهەنگدا بونی هەبێت، بەڵام ئەگەر بڕوانین لەو فەرهەنگانەی لە زمانی کوردیدا هەمانن، بەگوێرەی پێویست ئەو زانیاریانەیان تێدا نییە. هەروەها لە زمانی کوردی تا ئێستا فەرهەنگێکی گشتگیر -ئینسایکلۆپیدی بونی نییە، ئەگەر هەشبێ هەوڵی تاکەکەسییە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بە پوختە و پێشەکییەک دەستپێکردوە و لە دو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم: بەناونیشانی (زمانی ستاندارد و پلانی بنیاتنانی) کەلەم تەوەرانە پێکدێت (زمانی ستاندارد، پلانی دروستکردنی زمانی ستاندارد، سود و زیانەکانی زمانی ستاندارد).

بەشی دوەم: لەژێر ناونیشانی (فەرهەنگ و ڕۆڵی لە بە ستانداردکردنی زماندا) کە ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت (فەرهەنگ و زمان، فەرهەنگ و کۆمەڵ، فەرهەنگ و زمانی ستاندارد، ئایا ئێمەی کورد خاوەنی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدین؟)

ئەنجامە بەدەستهاتوەکان لەچەند خاڵێکدا خراونەتەڕو، بەخستنەڕوی سەرچاوە سودلێبینراوەکان کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتوە.

## بەشی یەکەم

## زمانی ستاندارد و پلانی دروستکردنی

### ١/١ زمانی ستاندارد Standard Language

بابەتی زمانی ستاندارد بابەتێکی ئاڵۆزە بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد، کە خاوەن چەندین شێوەزارە، هەر شێوەزارێکیش لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراودا بەکاردێت، پاشانیش خاوەن قەوارەیەکی وا نییە، بتوانێ، یان بیتوانییێ پارچەکان کۆبکاتەوە، کە کوردی تێدا دەژی، بۆ ڕێککەوتن لەسەر بەکارهێنانی دیالێکتێک، نوسەران و خوێندەوارانی پارچەکان بەم دیالێکتە بنوسن هەرچەندە "شێوەزاری سلێمانی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست لە سنورێکی فراواندا بڵاوبۆتەوە، کە جگە لە نوسەرانی گۆڤارەکە خۆی، بەڵکو نوسەرانی سەر بە دیالێکتی گۆران و لوڕ و هەندێ لە نوسەرانی گۆڤاری بادینان، بەو شێوەزارە دەنوسن و بۆتە زمانی ئەدەبی یەکگرتوی کوردی" (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو: ٢٠١٣: ٦٥)، بەڵام ئەمە لەخۆڕا نابێتە، زمانی ستاندارد، یاخود زمانی فەرمی ئەگەر حکومەت، یاخود دەوڵەت بەپێی یاسا ڕاینەگەیێنێت، بۆیە ناکرێت بڵێین: زمانی ستانداردمان هەیە، چونکە مادام خوێندەوارانی پارچەکانی کوردستان لەم دیالێکتە تێدەگەن، ئەی بۆ تا ئێستا سەرۆکایەتی حکومەت و کاربەدەستانی وڵات، کاتێک بەیاننامەیەک بڵاودەکەنەوە، بە دیالێکتی ناوەڕاستو کرمانجی ژورو بڵاویدەکەنەوە، هەروەها ئەمە پێچەوانەی ئەو پێناسەیە، کە بۆ زمانی ستاندارد کراوە، کە "بەو شێوە زمانە دەوترێت، پێیدەنوسرێت و زمانی فەرمی نەتەوەیەک یان وڵاتێکە، کە ئەگەرچی لە بنچینەدا لە گۆڤەرێکدا بەکاردێت، بەڵام پەرەی سەندوە و لە سنوری دیالێکتەکە پەڕیوەتەوە و چۆتە نێو دیالێکتەکانی تری زمانەکە و بۆتە زمانی قسەپێکەرانی ئەم دیالێکتانە" (هۆگر مەحمود فەرەج: ٢٠٠٧: ٢١٦)، دیالێکتی ناوەڕاست تا ئێستا نەیتوانیوە، ئەم ئەرکە ببینێت، چونکە تا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە بەڕێگەی سیاسی زمانی ستاندارد دروستبکەین و بیناسێنین بە میللەتی خۆمان، بۆیە دەبێت ڕێگەیەکی تر بگرینەبەر، بۆئەوەی خۆمان ببینە خاوەنی زمانێکی ستانداردی وا کە هەر تاکێکی کورد لەهەر شوێنێکی دنیابێت خۆی بە خاوەنی بزانێت و لە نوسین و ڕاگەیاندنەکاندا بەکاریبهێنێت، ئەگەر توانیمان زمانێکی ستانداردی وا دروستبکەین، کە ئاخێوەرانی کورد قسەی پێبکەن، ئەوا بێگومان دەتوانین تێکەڵاوی کلتوری لە نێوان

هەمو پارچەکان زیاتر بکەین، چونکە جگە لە دابڕانی زمانی ئێستا دابڕانی کلتوری و ڕۆشنبیری لە نێوان پارچەکاندا بەدیدەکرێت، ئەمە زمانی ستانداردە دەتوانێ ئەو هاوبەشیە دروستبکات، چونکە "زمان ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پێکهێنەرەکانی کلتور، یان کلتور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دابونەریتی جیاوازی گەلان، بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییان لەسەر زمانە جیاوازەکان بەجێهێشتوە" (بێستون حەسەن ئەحمەد: ٢٠١٢: ٢٠٢)، ئەم جیاوازییە کلتورییە بەهۆی زمانی ئەو دەوڵەتانەی کورد بۆتە بەشێک لێیان بە ڕونی هەستی پێدەکرێت، ئەگەر سەیری کلتور و ڕۆشنبیری باکوری کوردستان بکەین، دەبینین زیاتر لە هی تورکەکان دەچێت، تا باشوری کوردستان، ئەمە نەک هەر لە ڕوی کلتور و ڕۆشنبیرییەوە، بەڵکو لەڕوی نوسین و ئەو ئەلفوبێیە لە نوسیندا بەکاریدێنن، لە شێوەی لاتینییە، بە هەمان شێوە ئەگەر سەیری ڕۆژئاوای کوردستانیش بکەین، دەبینین لە ڕوی کلتورەوە زیاتر لە عەرەبەکان نزیکترن، لە باشور، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لێکنزیکبونەوە هەبێت، لە نێوان دیالیکتەکانی زمانێکدا، ئەوا لە ڕێگەی زمانی ستانداردەوە دەبێت، زۆر جار جیاوازی زمانی یان شێوەزاری گرفت بۆ ئاخێوەرانی زمانێک، یان دیالێکت دروستدەکات، ئەمە بە ڕونی بە ئاخێوەرانی یۆنانییەکانەوە دیار بو، چونکە ئەوان "تەنیا زمانێکیان لا پیرۆز و گونجاو بو، کە ئاخیوەرانی یۆنانی بن، ئاخێوەرانی دیکەیان وەک (بەربەڕ) دادەنا، وشەی (بەربەڕ) واتای غەیری یۆنانی بو" (Rickerson & B. Hilton: 2006: 30)، ئەمە جیاوازی چەند زمانێک یان چەند دیالێکتێک ئەمە دروستدەکات، بۆئەوەی ئەو جیاوازییە نەمێنێت، پێویستمانە بە زمانی ستاندارد دەبێت، بۆیە دەکرێت بڵێین: زمانی ستاندارد "ئەو شێوەیەیە، کە بە هەمو هەنگاوەکانی یەکگرتندا تێپەڕیوە و خاوەنی دەستور و فەرهەنگە و لە کارگێڕیدا بەکاردێ، بەڵام لە سەرتاپای ناوچەیەکی جوگرافیدا ڕەزامەندی خەڵکی وەرنەگرتوە" (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠٠٨: ٤)، بۆیە دەکرێت بڵێین زمانی ستاندارد بریتییە لەو زمانەی کە تێکڕای نوسەر و خەڵکی خوێندەوار و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاپخانەکانی ئەم نەتەوەیە بەم ئەلفوبێیە دەنوسن و بڵاویدەکەنەوە، ئەمە دەبێتە بنەما بۆ ناوەندە پەروەردەییەکان و خەڵکیش بەگشتی لێی تێدەگەن.

## 2/1 پلانی دروستکردنی زمانی ستاندارد

ئەگەر بمانەوێت هەر کارێک بکەین، بێگومان ئەم کارە پلانی پێشوەختەی دەوێت، بۆ ئەم مەبەستە "گەلێک زاراوە بۆ پلانی زمان بەکارهێنراون، لەوانە: چاکسازی زمان، گۆڕینی زمان، ئەندازیاری زمانی ...هتد" (Pauwels A.: 1998: 2)، بۆئەوەی زمانێکی ستاندارد بۆ نەتەوەیەک دروستبکەین، کە ئەم نەتەوەیە خاوەن زمانی ستانداردی خۆی نییە، لە کاتێکدا لەناو زمانی ئەم نەتەوەیەدا چەند دیالێکت و شێوە دیالێکتێک هەیە، لەناو ئەم شێوە دیالێکتانەدا چەند بن زارێکیش بونیان هەیە، پێش هەر هەنگاوێک پێویستە چەند پلانێک دابنێین، پلانی زمانیش "هەڵبژاردنێکی ئاشکرایە لەنێو بە دیلەکانی زماندا بۆ گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی" (Fasold: 1984: 246)، ئەم پلانەش لە ڕاستیدا کاری تاکە کەسێک نییە، بەڵکو دەبێت دەستەیەک لە کەسانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و خەڵکی پیر و بە ئەزمون تیادا بەشداربن، هەبونی خەڵکی هەمە چەشن، لە پلانی زمانی ستاندارد دو سودمان پێدەگەیەنن:

**یەکەم**: خەڵکە ڕۆشنبیرەکە بەهۆی خوێندەواریان و شارەزابونیان لە زمانانی دونیا و زانینی مەرجەکانی زمانی ستاندارد، هاوکار دەبن لە پرۆسەکەدا، بۆئەوەی ئەو شێوەزارەی کە بڕیارە ببێت بە زمانی ستاندارد ئەو مەرجانەی تێدا بەدیبهێنن.

**دوەم**: خەڵکە پیر و بە ئەزمونەکەش یارمەتیدەردەبن، لە ناساندن و زیندوکردنەوەی کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی کۆن، کە لە ئێستادا لە بەکارهێنان کەوتون، بۆئەوەی جارێکی تر ڕوحیان بەبەردابکەینەوە و بۆ مەبەست و واتای تایبەتی بەکاریانبهێنین، بەتایبەتی لە بواری زاراوەدا.

دەکرێت پلاندانان بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد لەم چەند هەنگاوەدا کورتبکەینەوە:

### ١-2/١ پلانی ڕێنوس Orthography Plan:

ڕێنوس بابەتێکی هەستیارە لە بە ستانداردکردنی زمانێک، چونکە "تەحەدای گەورەیە بۆ سەر نوسەران، بۆ دروستکردنی کۆ دەنگی لەسەر ڕێنوسێک، کە پێشتر هەر نوسەرە و بەشێوەیەک دەینوسی و بە کەیفی خۆی یاری بە نوسین دەکرد، بەڵام لێر بە دواوە یەک ڕێنوس نوێنەرایەتی ئەو زمانە دەکات، کە بۆ هەندێ نوسەر قورسە، کە پێشتر بە شێوازێکی تر نوسیویانە" (Hadebe: 2006: 138)، بێگومانیش ڕێنوس "لە هەر زمانێکدا بێت شتێکی دەستکردە و ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە دایانناوە، کە قسەی پێدەکەن، هەروەها لەسەری ڕێککەوتون، کە شێوەی نوسینەکەیان بەم شێوەیە بێت" (دەریا سابیر حەمەد: ٢٠١٦: ٩٤)، کەواتە ڕێنوس بابەتێکە پێویستی بە کۆدەنگییە، بۆئەوەی خوێندەواران بڕیار بدەن بەکام ئەلفوبێیە بنوسن، ڕێنوس "دەربڕین و ڕونکردنەوەی دەنگە بەهۆی وێنەی دروستکراوەوە کە پێی دەڵێن (پیت)" (مستەفا نەریمان: ١٩٨١: ٥)، کەواتە پێش هەمو شتێک دەبێت، جۆری نوسینەکە دیاری بکەین، هەروەها "سادەکاری و ئاسانکاری نوسین و پراکتیک بەپێی زانستی زوان و بەکارهێنانی سیستمی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکی زوانە ژینگەییەکانی زوانی ستاندارد" (سابیر ژاکاو: ٢٠٢٢: ٤٠- ٤١)، لەگەڵ دەستنیشانکردنی هەر پیتێک بۆ هەر دەنگێک، بۆیە دەبێت کێشەی پیت ئەگەر هەمان بێت نەیهێڵین، لەم ڕێنوسە کوردییەی ئێستا بەکاریدێنین، لە ڕاستیدا تا ئێستا بێ کێشە نییە، سەرباری ئەوەی چەندان توێژینەوە بۆ ئەم بابەتە ئەنجامدراوە.

"یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکان کە لە ڕێنوسدا چارەسەر ناکرێ، کێشەی ئەو دەنگانەیە، کە تا ئێستا بیروڕای جیاوازیان لەسەرە و نەگەیشتونەتە ڕێکەوتنێک دەربارەیان، تا ئێستاش بە لایەنێکی کێشەداری ئاستی دەنگسازی و ڕێزمان و ڕێنوسی کوردی دادەنرێت" (دەریا سابیر: ٢٠١٦: ٥١).

بۆ نمونە: دەنگی / ئ/ لە وشەکانی (ئاش- باش- کاش)، (ئەچم- دەچم) ئەگەر بڕیاربێ وەک (فۆنیم) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، دەبێت ئەم بابەتە چارسەر بکرێت، پاشان کێشەی (و، و، i ..هتد)، ئەمەش کارێکی گرانە، چونکە "بە ئاسانی ناکرێت دەستبەرداری ڕێنوسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی بین، چونکە هەر وەکو دەزانین سامانێکی نەتەوایەتی یەکجار زۆر بەو ڕێنوسە تۆمارکراوە، بێگومان ئەم کارەش زیانێکی گەورە بە زمان و سامانی نەتەوایەتیمان دەگەیێنێت" (تالیب حوسێن عەلی: ٢٠١٤: ١٩٣)، وەک گوتیشمان ئەمە بە تاکە کەس ناکرێت، بەڵکو کاری ئەو دەستەیە دەبێت، کە دیاری دەکرێت لەلایەن ناوەندێکی ئەکادیمی لە ژێر چاودێری حکومەتدا.


لە زمانی کوردی پارچەکانی تری کوردستان، بەتایبەتی باکور و خۆرئاوای کوردستان، ئەو ڕێنوسەی بەکاریدێنن، بە ئەلف و بێی لاتینییە، بەڵام باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنوسن، بۆیە دەبێت ئەم کێشەیەش چارسەربکەین، لەبەرئەوە "ئەرێ ڕێنوسەکەمان بگۆڕین، چونکە ڕێنوس بە بڕیارێ ئەگۆڕێ، وەک زمان نییە، زمان خۆی بە شێوەیەکی سروشتی گۆڕانی بەسەردا دێت" (بەکر عومەر عەلی: ٢٠١٤: ١٨٠)، هەرچەندە ئەم ئەلفوبێیەش ئەلفوبێی زمانی عەرەبی نییە، بەڵکو ئەلفوبێی ئارامییە، بەڵام عەرەبەکانیش وەک ئێمە وەریانگرتوە، بەڵام ئێمە بۆ ئەم ئەلفوبێیە زیاتر سودمان لە زمانی عەرەبی بینیوە، ئینجا وەک گوتمان ئەگەر یەک زمانی ستانداردمان هەبێت، دەبێت خاوەنی یەک ڕێنوسیش بین، ئەگەر خاوەنی یەک ڕێنوسیش بوین ئەوا ئەم زمانە ستانداردە لەلایەن "هیچ کەس و دەسەڵاتێکەوە ناتوانرێت ڕەتبکرێتەوە" .Hadebe, S., 2007., 17))

یەکەم کار، لە پلاندانان بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد، یەکم کارت، کە بمانەوێت ئەنجامی بدەین لە پلان بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد، دروستکردنی کۆ دەنگەیە بۆ هەڵبژاردنی ڕێنوسێک بۆ ئەوەی خەڵکی خوێندەوار بەم ڕێنوسە بنوسن لە هەمو بوارەکاندا، ئەمەش وەک گوتمان نابێت ڕێنوسی تاکە کەسێک بکرێتە پێوەر، چونکە "(دۆرکایم) پێیوایە

كە بیركردنەوە دەستكردی تاك نییە، بەڵكو ئەو لەو كۆمەڵگایەی كە تیایدا دەژیت، دەستی دەكەوێت، ناتوانرێت بوترێت كە بیركردنەوە لە زاتی كەسێكدا لە دایک دەبێت" (بەهار زاير محمد: ٢٠٠٩: ٢٣)، ئینجا ئەمە بۆ ڕێنوسیش ڕاستە وەک بەشێک لە بیركردنەوەی تاک، كە دەبێت ئەو ڕێنوسە لەناو كۆمەڵگادا لە دایک ببێت و دەشكرێت سود لە بیركردنەوەی تاكەكان وەربگیرێت، چونكە ئەمە دەبێتە بنەما بۆ دروستبونی ئەو زمانە ستانداردەی پلانی بۆ دارێژراوە.

## ٢-2/١ پلانی وشەسازی Morphology Plan:

مۆرفۆلۆژی دەور و ئەركێكی زۆر گرنگ دەگێڕێت، لە بەستاندارد كردنی زماندا، چونكە هەمو ئەو یاسایەنەمان بۆ دەستنیشاندەكات، كە وشە دروست دەكەن، بۆیە دەكرێت بڵێین مۆرفۆلۆجی "بریتییە لەو زانستەی، كە لێكۆڵینەوە لە تێكەڵبونی ئەو مۆرفیمانە دەكات، كە وشە بەرهەمدەهێنن" (Haspelmath: 2012: 4)، ئەو كارانەی، كە لە زمانی كوردیدا لە بارەی مۆرفۆلۆجییەوە كراون، زۆربەیان كاری تاكە كەسین، هەر یەكەیان بە جۆرێک باسی لە وشەكانی زمانی كوردی كردوە، دەكرێت لە هەر یەک لەم سەرچاوانەدا بەشێک لە زانیارییەكانیان وەربگیرێت، بۆ بەرهەمهێنانی مورفۆلۆجییەكی گشتی بەجۆرێک دەستنیشانی هەمو یاساكانی زمانەكە بكات، "وشە كەرەسەیەكی زمانییە، دو دیوی هەیە، ئەوانیش (فۆرم و واتا)ن، هەر وشەیەكیش وێنە، یا واتایەكی لە مێشكدا هەیە، هەندێ وشە وێنەكەی و فۆرم و واتاكەی جێگیر بوە و سەدان ساڵە بەكاردەهێنرێت و كاری ڕۆژانەی پێدەكرێت، هەندێكیشیان نوێیە، چ لە ڕوی فۆرمەوە بێت، چ لەڕوی واتاوە" (عوسمان كەریم عەبدولڕەحیم: ٢٠١٤: ١٣)، واتای وشە پەیوەندی بە ڕێككەوتنی كۆمەڵگاوە هەیە، بۆ پێدانی بە فۆرمێكی زمانی، بەڵام ئێمە لە زمانی كوردیدا وشەگەلێكی زۆرمان هەیە، كە فۆرمەكەیان لە جۆری نասادە، "وتە ئەو وشانەی لەسەر بنچینەی وسەی تر دروستبون"(ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٦) مەبەستمان لە فۆرمیش ئەوەیە كە لە ڕێگەی (گرافیم- پیت) و دەنوێنرێت، لەناو ئەم مۆرفۆلۆجییەی بڕیارە دابنرێت. دەكرێت لە ڕێگەی ئەم هێڵكارییەی خوارەوە، ڕۆڵی مۆرفۆلۆجی زیاتر ڕونبكەینەوە:




هێڵکاری ژمارە (١) ڕونکردنەوەی پلانی وشەسازی

ئەم وێنەیە بە دەستکارییەوە، وەرگیراوە لە:

ا Bratlie, S.S., Brinchmann, E.I., Melby-Lervåg, M. and Torkildsen, J.V.K., 2022.pp.616

جیاوازی بدرێت لە نێوان وشەی لێدراو و فرێز.

بەڵام لەبەرئەوەی وشەکان دەچنە پێکهاتەی فەرهەنگەوە، پێویستە بە دو خاڵ ڕونکردنەوەیان لە بارەوە بدرێت:

**١. وشە دارێژراوەکان:** پێویستە ئەو یاسانە بە تەواوی بخرێنەڕو کە وشەی دارێژراو پێکدەهێنن، بە پشتبەستن بەو سەرچاوانەی هەوڵی تاکە کەسین، پاشان پۆلێنی مۆرفیمە وشەدارێژەکان بکرێت.

**٢. وشەی لێکدراو:** لەبەرئەوەی پێکهاتەی وشەی لێکدراو دو مۆرفیمی سەربەخۆیە، واتە "لە دو مۆرفیمی سادەی واتادار یان پتر پێکدێت و واتەیەکی نوێ دەگەیێنێت" (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا: ٢٠١٣: ١٥٦)، کەرتەکانی وشە لێکدراوەکە و یاسای پێکهاتنەکەی ڕونبکرێتەوە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی جۆری مۆرفیمەکان، مۆرفیمی سەربەخۆن، یان لێکدەرن.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە "پلانان دانان بۆ یەک خستنی وشەکانی زمانێک کارێکی قورسە و ئاسان نییە، پێویستی بە لیژنەیەکی تایبەتمەندە، چونکە وشەکانی زمان زۆرن و بەردەوامیش لە زیادبوندان" Hadebe, S., 2007., *17.* بە گۆڕانی فۆنیمێک لە وشەیەکدا یان وشەکە واتاکەی لە دەستدەدا، یان وشەیەکی نوێ دروست دەبێت، پاشان پلانی وشەسازی تەنها خۆی لە یاسای دارشتنی وشەکاندا نابینێتەوە، بەڵکو دەستێکی باڵای دەبێت لە پاکسازی وشە لە لە

زمانەکەدا، مەبەست لە پاکسازی "پاکسازیکردنی زمانە، لەم وشانەی کە لەبەر پێویستی وەرنەگیراون و بونەتە بار بەسەر زمانەوە" (ئازاد عەزیز سلێمان: ٢٠٢٢: ٢١٨)، لە ئێستادا لە زمانی کوردیدا چەندان وشەی لەم بابەتەمان هەیە، کە پێویست نین، چونکە بەکارهێنانیان بە وسەکانی تری زمان کەمە، ئەگەر دەستوری زمانەکەمان لە ڕوی وشەسازییەوە بەم شێوەیە دارِشت، ئەوکات یەکێک لە پلانەکانی زمانی ستانداردمان جێبەجێکردوە و زمانەکەمان لە ڕوی زانستی زمانەوە دەچێتە ڕیزی زمانەکانی وەک: ئینگلیزی و عەرەبی.

### ٣-٢/١ پلانی کۆکردنەوەی وشەکان WORD OF COLLECTION PLAN:

لە دوای دارِشتنی پلانی وشەسازی، دەبێت پلانێک دابنرێت بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمان، پێش ئەوەی وشەکان بخرێنە ناو فەرهەنگەوە، ئەمەش بە پێکهێنان و ڕاسپردنی دەستەیەک دەبێت، ئەم دەستەیە دەبێت پێکبێت لە ڕۆشنبیرانی کورد لە هەر کوێیەک بن، بە تایبەتی ئەوانەی شارەزای فەرهەنگ و وشەکانی زمانن، پاشان ئەم دەستەیە هەم خەڵکی ئەکادیمی هەم خەڵکی شارەزاو بە ئەزمونی تێدابێت، تەنانەت دەبێت خەڵکی بە تەمەن و پیریشی تێدابێ، چونکە " کۆفی ئەنان دەڵێت: مردنی هەر پیرێک/ بە سالآچویەک وەک مردنی کتێبخانەیەک وایە" (ڕێبوار حەسەن ئیبراهیم: ٢٠٢٢: ٦٧)، ئینجا دەبێت لە ڕێگەی دەوڵەت یاخود حکومەتەوە ئاڕاستە بکرێت، بۆئەوەی کارەکە کەس بە هی خۆی نەزانیت؛ مۆرکێکی نیشتمانی بگرێت، چاودێرانو ئەندامانی کۆمەڵگە وا هەست نەکەن دەستی لایەن و پارتێکی سیاسی لە پشتەوەیەوە، ئینجا لە ڕوی ئابورییەوە پشتگیری بکرێن، ئەمەش وەک گوتمان بە پێکهێنانی دەستەیەک دەبێت و کاری تاکە کەسی نییە، چونکە "کەس نییە لە جیهاندا بتوانێ، گشت وتەی زمانی خۆی بزانێ و لەمێشک و دڵیدا جیگای ببێتەوە، چونکە هەر ئەمە هەر شایستەی خوایە، جا لەبەر ئەمە هەمو زمانیک ئەگەر لە چوارچێوەی فەرهەنگ نەیگیرێ، وەیشومەی ڕۆژگار شەن و کەوی تێدا دەکاو بەبای دەدا و، کۆگای وتەکانی بەرەبەرە کەم دەکاتەوە، تا وای لێدێ، کە نەتوانێ بە سەرمایەکەی خۆی بژی و مەبەست بەجێ بێنێ" (شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٠٠٥: ١٠)، بۆیە ئەمە بە کارێکی گونجاو بۆ تاکە کەس نازانرێ، لەبەرئەوە ئەمە کاری کۆمەڵە، هەر وەک (عەبدوڕەحمانی زەبیحی) دەڵێت: "کاری تاکە ئینسانێک هەر چۆنێ بێ ناتەواوە و کاری تەواو کاری کۆمەڵە" (عەبدوڕەحمانی زەبیحی: ١٣٦٧: ١٠٠)، ئینجا ئەوەی بڕیارە بیهینینەدی خەونی لە مێژینەیە، دەبێت ڕۆشنبیر و خەڵکی بە ئەزمون و شارەزای زمانی کوردی تێدابێت، تەنانەت دەبێت سود لە تواناکانی کوردانەی تاراوگەش ببینرێت، ئەوانەی ئاشنای زمان و کەلتوری میللەتێکی ترن.

کۆکردنەوەی وشەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیاد ساڵانە پێداچونەوەیان بۆ دەکرێت، لەلایەن ڕۆشنبیرانی خۆیانەوە، بۆ دوبارە کۆکردنەوە و پێداچونە بە وشەکانیان[1] ئینجا ئێمەش پێویستیمان بە هەوڵێکی لەم بابەتە هەیە، کە ببێتە بەردی بناغە بۆ دروستبونی زمانی ستاندارد.

ئەمە بۆ زمانێکی وەک کوردی بە کارێکی گەورە و گرنگ دادەنرێت، لە دو ڕوانگە:

١. نەتەوەی کورد خاوەن دەوڵەت نییە، چوار پارچەیە، ئەوەی هێشتویەتییەوە بە پلەی یەکەم زمانەکەیەتی، نەک لایەنێکی تر، ئەگەر زمانەکەشی فەرامۆش بکرێت، کارەسات ڕوی تێدەکات.

٢. ئەگەر هەوڵی کۆکردنەوەی وشەکانی نەدرێت، ئەوا بێگومان گەلێک وشە نامێنن و مەترسی فەوتانیان لەسەرە، لەبەرئەوە "وشە هەیە بار ئەکات و ئاوارە ئەبێ و ئەبێ بە ئەندامانی زمانانی تر و لەوانەیە دوای ماوەیێک بگەڕێتەوە ناو کەسوکاری خۆی و وشەی تریش لەگەڵ خۆیا بهێنێ، هەیە ناو دەرئەکا دەبێتە جیهانی" (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١١٨) لەوانەشە هەندێک لە وشەکان هەر نەمێنن ئەگەر کۆنەکرێنەوە و نە پاریزرێن.

## ٢/١-4 پلانی ئاشناکردنی کۆمەڵ بە وشە کۆکراوەکان:

هەر لە دێر زەمانەوە، کە باسی زمان کراوە، بەستراوەتەوە بە مرۆڤ و کۆمەڵ بەستراوەتەوە " کۆمەڵ پەیوەندییەکی بەهێزی بە زمانەوە هەیە، بە واتایەکی تر زمان و کۆمەڵ تەواوکەری یەکترن، ئەو پەیوەندییەی لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە، لە کۆمەڵگەدا Community، بەهۆی زمانەوەیە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چەند بەرەوپێش بچن، زمانیش هاوشانیان بەرەوپێش دەچێت" (ڕێبوار حەسەن ئیبراهیم: ٢٠٢٢: ٢٤)، کەواتە هەمو پەیوەندییەک، کە مرۆڤەکان ئەنجامی دەدەن بەهۆی زمانەوەیە. "زمان ناسنامەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاریدەکات هەر بەهۆی قسەوە دەتوانین بڕیاربدەین قسەکەر خەڵکی کوێیە، لە چ بارێکی دەرونیدا دەژی، هەستی بەرانبەر بابەتی قسەکەر و گوێگر و دەروبەری چییە، سەر بەچی چینێکە و ڕادەی خوێندەواری چەندە" (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ١٣٧)، بۆیە سەرباری ئەوەی، کە زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، پاشان پێگەی کەسایەتی قسەکەریشمان لە کۆمەڵگەدا بۆ دەردەخات.

"مرۆڤ گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتییە، زمانیش ئامێرەکەیەتی. بەوپێیە هەر لەسەرەتاوە بەهۆی پەیدابونی کۆمەڵ و کاری گەلیەوە پێویستی بە زمان بوە، بەپێی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی وشەیان بەرانبەر دیاردەکانی ژیان داناوە" (ڕۆژان نوری عەبدوڵلا: ٢٠١٣: ٩)، بۆیە دەبینین لەگەڵ پەیدابون و سەرهەڵدانی هەر دیاردە و پیشەیەک وشە و کەرەستەی تایبەتی ئاخاوتنی لەگەڵدا لە دایک دەبێت.

لە پاش کۆکردنەوەی وشەکان و پێدانی زانیاری لە بارەیانەوە، پێویستە ناوەندێک هەبێ بۆ پەخشکردن و ئاشناکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە و هاوڵاتییەکانی، بۆئەوەی بەو وشانە ئاشنا بن، کە دەبنە پێکهێنەری زمانی ستاندارد، چونکە وەک گوتمان دەشێت سود لە هەمو زار و شێوەزار و بن زارەکانی زمانێک وەربگیرێت، بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد.

ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە "وشەکانی زمان جیهانێکی تایبەتیی سەربەخۆن، وەک کۆمەڵێکی زیندوی چالاکی ڕێک و پێک ڕەفتار ئەکەن، هەر وشەیێک بوەرێکی گیانلەبەرە، لە دایک ئەبێ، بە تێپەڕینی کات ئەگۆڕێ گەشە ئەسەنێ، لەگەڵ وشەی تردا زاوزێ ئەکات و هی تری لێ ئەبێتەوە، خزمایەتیی دور و نزیک هاوڕێیەتی و دۆستایەتی لە نێوانیانا هەیە" (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١١٨)، ئینجا دەبێت هەمو ئەم وردەکاریانە بۆ بەکارهێنەرانی زمانەکە ڕونبکرێتەوە، بە ناویاندا پەخشبکرێت، چونکە "قسەکردن هاوکاتە بە ئاستی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگایەکدا، ئەگەر کۆمەڵگەکە گۆڕا، بێگومان قسەکردن و هەندێک لایەنی زمانەکەش لەگەڵیدا دەگۆڕێ" (محمود سعران: ١٩٦٢: ١٣)، بۆیە پێویستە ئەم گۆڕانکارییانەی بەسەر زماندا دێت، یاخود هاتوە هەمویان بۆ قسەپێکەرانی زمان پەخشبکرێن و پێی ئاشنا بکرێن، بەم شێوەیە نەبێت زمانی ستاندارد جێبەجێناکرێت.

### ٣/١ سود و زیانەکانی زمانی ستاندارد

زمانی ستاندارد وەک هەر کەرەستەیەکی تری دەست مرۆڤ سودی هەیە و زیانیشی هەیە، سود و زیانەکەشی هەر لەناو بەکارهێنەرانی زمانەکەدایە، ئینجا چۆن بە نەبونی زمانی ستاندارد زیان ئەکەین، زۆرجار بە هەبونیشی زیان دەکەین، ئەگەر بە وریایی مامەڵەی لەگەڵ نەکەین، بۆیە دەبینین "زۆرجار لە میانی ئاخاوتن و گفتوگۆدا ویستومانە کەرەستە، یان گوزارشتێک بەپێی ئەو نەخشەیە دابڕێژین و بڵێین، کە مەبەستمانە، بەڵام بە هەر هۆکارێک بێت فەرهەنگی ئاوەزیمان ئامادەیی ئەوەی نەبوە، کە وشە و ڕەگەزی گونجاو و پێویستمان لەو ساتەدا پێ ببەخشێت، لە ئەنجامدا بۆئەوەی پێواژۆی پەیوەندیکردنمان نەوەستێنین، بە کەرەستەی تر ئەگەر نەگونجاویش بێت بۆشاییە وشەییەکانمان

پڕکردۆتەوە" (محەمەد حسین احمد: ٢٠٢٣: ١٣٥)، ئەمە زۆرجار بە هەبونی زمانی ستاندارد و نەبونی زمانی ستاندارد ڕودەدات، هەروەها نابێت پێمانوابێت، زمانی ستاندارد تەنها سودی هەیە، هەرچەندە ستانداردکردن لە بنەڕەتدا لایەنێکی گرنگی و ئەرێنی هەبێت، بەڵام زۆرجار ئەمە زیانیشی لێدەکەوێتەوە، دەکرێت ئەمە بە چەند خاڵێک ڕوندەکەینەوە:

## ١-٣/١ سودەکانی زمانی ستاندارد

کۆمەڵگەکان و نەتەوەکانی جیهان هەر یەکەیان خاوەن زمانێکی تایبەت بە خۆیانن، کەم تا زۆرێک ئەم نەتەوانە خاوەنی زمانی ستانداردن، توانیویانە سود لەم زمانە ستانداردە ببینن، هەر یەکە بە جۆرێک، سودەکانی زمانی ستاندارد دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕو:

١. یەکێک لە سودەکانی زمانی ستاندارد ئەوەیە: "ڕێگە بە زمانەکە دەدات و وەک مۆدێلێکی لێبێت، بۆئەوەی هەمو کۆمەلگاکە لەسەری ڕێکبکەون، بە یەک شێوە زمان پەیوەندی بکەن" (Ramlan: 2018: 29)، ئەمەش دەبێتە هۆکار دروستبونی یەکێتی نەتەوەیی، واتە زمانی "ستاندارد لای هەمو ئەندامانی نەتەوە بەکاردیت، سنوری بەکارهێنانی فراوانتر دەبێت" (بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حمەئەمین: ٢٠٠٧: ٦٥).

٢. تێگەیشتنی کۆمەڵ یەک دەخات، چونکە کەرەستەکانی زمان لە بابەتی تایبەتییەوە دەبنە بابەتی گشتی، ئەمەش لەسەر بنەمای کۆمەڵ دەبێت، بۆیە دەکرێت بڵێین: "تێڕوانینێکی تر بۆ زمان تەماشاکردنییەتی لە گۆشەنیگا ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانەی جێبەجێی دەکات، ئەوەی مایەی سەرنجدانە ئەوەیە، کە ئەم تێڕوانینە لەسەر سیستەمی هێماکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە کلتوری و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگە مرۆییەکان بنیاتنراوە" (هـ . د. ویدۆوسن: ٢٠٠٨: ٢٠)، کەواتە زمانی ستاندارد تەنانەت کۆ دەنگی کۆمەڵگە بۆ پێدانی واتا بە هێماکان پەیدادەکات، جا چ هێما زمانییەکان بن، چ هێما نازمانییەکان.

٣. یەکێکی تر لە سودەکانی زمانی ستاندارد ئەوەیە، قسەپێکەرانی ئەو زمانە هەست بە شکۆمەندی و ناسنامە دەکەن لە ڕوی هەبونی زمانەوە، دواتر ئەمە خۆی لە گفتوگۆی نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگەکەدا دەبینێتەوە، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم زانیارییە، دەکرێت بەم شێوازە پێناسەی زمانی ستاندارد بکەین: "ئەو زمانەیە لە بواری دادگا، دامودەزگا، دەوڵەت و ڕاگەیاندندا بەکاردێت، لە هەندێ وڵاتدا دو یان زیاتر لە دو زمانی فەرمی لە وڵاتدا هەیە، هەر یەکە لە بەرژەوەندییەکانی دانیشتوانەکان دەنوێنێ" (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو: ٢٠٠٩: ٧٠).

٤. لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ڕۆڵێکی باڵا دەبینێت، بە تایبەتی "کاری فێرکردن لە قوتابخانە و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا ئاسنتر دەکات" (Ramlan: 2018: 29)، چونکە فرەزاراوەیی فرە شێوەزاری کەم دەکاتەوە لە ناوەندەکاندا، هەروەها گشتکیری لە بواری زاراوە و وەرگێڕان ئاسان دەکات، پاشان ئەوەی بیەوێ فێر ئەو زمانە ببێت، بە ئاسانتر فێری دەبێت، لەوەی نەتەوەیەک زمانی ستانداردی نەبێت، واتە ئەگەر بێت و زمانی ستانداردمان نەبێت و؛ "ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان بەرز نەبێت، ڕێگردەبێت لە گەشەی وشیاری نەتەوەیی" (بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حمەئەمین: ٢٠٠٧: ٢١)، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بڕیاردرا یەک شێوەزار ببێتە ستاندارد، بەڵام دەبێت ڕەزامەندی هەمو قسەپێکەرانی شێوەزارەکانی تریشی لەسەر بێت.

٥. یەکێتی نوسین لە بواری ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکراوەکاندا دێنێتە کایەوە، ئەمەش وا لە نوسەرانمان دەکات، ئەگەر بە هەر شێوازەرێک ئاخاوتن بکەن، ئاساییە، بەڵام لە نوسیندا سەرجەمیان بەیەک شێوە دەبێت بنوسن، هەروەها بەو شێوە دەبێت بنوسن، کە سەرجەم چینەکان لەسەر ڕێککەوتون.

ئەمانە و چەندان سودی تر دەکرێت، بۆ هەبونی زمانی ستاندارد زیاد بکرێت، بۆیە ناکرێت زمانی ستانداردمان نەبێت.

## ٢-٣/١ زیانەکانی زمانی ستاندارد

هەروەک چۆن لە هەبونی زمانی ستاندارد کۆمەڵێک سودمان دەستنیشانکرد، دەکرێت بۆ هەمان بابەت کۆمەڵێک زیانیش دەستنیشان بکەین، ئەگەر پێمان وابێت زمانی ستاندارد تەنها سودی هەیە، ئەوا لەوانەیە بە هەڵە داچوبین، بەڵام دەکرێت بڵێین: سودەکان بە بەراورد بە زیانەکان زیاترن، زیانەکانیش لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە:

١. یەکێک لە زیانەکانی هەبونی زمانی ستاندارد لە ناو نەتەوەیەکی فرە زار و شێوەزاردا "هەستی نوخبەگەرایی لە نێوان قسەکەرانی زمانە ستانداردەکەدا دروست دەکات، هەستکردن بە کەمتەرخەمی لەو کەسانەدا دروست دەکات، کە بەردەوامن، لە بەکارهێنانی فۆرمی ناستاندارد" (Ramlan: 2018: 29)، واتە بەشێوەیەک لە شێوەکان دوبەرەکی لە نێوان قسەکەرانی دو شێوەزاردا دەهێنێتە ئاراوە، بە تایبەتی قسەپێکەرانی ئەو شێوەزارەی شێوازی هەڵنەبژێردراوە بۆ ستانداردی، بەمەش "دەبێتە قوڵکردنەوەی ژیانی ناوچەچێتی و دورکەوتنەوە لە یەکتری" (عومەر عەلی و شێرکۆ حمەئەمین: ٢٠٠٧: ٢١).

٢. لە بەستانداردکردنی زمانێکدا زۆرجار هەست بە دیاردەیەکی خۆسەپێنی دەکرێت، لەلایەن شێوازاری باڵا دەستەوە، کە دەبێت بە زمانی ستاندارد، ئەم زمانە وا لە قسەپێکەری شێوەزارەکانی تر دەکات، "دەست لە بیرکردنەوە و داتاسازی مێشک بە زوانی شیری و ژینگەیی خۆی هەڵبگرێت و بەهێز و سیستم و دەستورێکی ناسەرەکەی، بیر بکاتەوە، کە لێرەوە ڕوبەڕوی فەوتاندنی بیرکردنەوە و مردنی فەلسەفە دەبینەوە" (سابیر ژاکاو: ٢٠٢٢: ٣٩)، چونکە زۆرجار بۆ قسەکەری شێوەزارێک ئاسان نییە، بتوانێت بەم شێوە ستانداردە قسە بکات و بنوسێت، ئەمەش لەم بارەدا دەبێت، ئەگەر شێوەزارێک ببێت بە زمانی ستاندارد.

٣. یەکێکی تر لە زیانەکانی زمانی ستاندار ئەوەیە، کە "دایک و باوکان ناچار دەکات، منداڵەکانیان لەلایەن گروپێکی باڵا دەستەوە، کە زارەکەیان کراوە بە زمانی ستاندارد وەربگیرێن و فێری ئەو زمانە ببن، بەمەش لەوانەیە ئەو زار و کلتورەی پێی گەورە بون پشتگوێ بخەن" (Ramlan: 2018: 29- 30)، واتە قسەکەر وەک ئەوەی دەتوانێ بەشێوەزاری خۆی بیر بکاتەوە، لەوانەیە نەتوانێ بەو زمانەی، کە بۆتە ستانداردا وا بیر بکاتەوە و قسەی پێبکات، لەلایەکی ترەوە لە توانای شێوەزارەکانی تریش کەم دەکاتەوە، بۆئەوەی وشە و زاراوەی نوێیان تێدا لە دایک ببێت، کە پێشتر سەرچاوەی کۆمەڵێک وشە و زاراوە بون.

## بەشی دوەم

## فەرهەنگ و ڕۆڵی لە بە ستانداردکردنی زماندا

ئەگەر سەیری ئەو سەرچاوانە بکەین، کە باسی زمانی ستانداردیان کردوە، زۆر هۆکاریان باسکردوە، کە ڕۆڵ دەبینن لە بەستانداردکردنی زمانێکدا، لەوانە (ئاین، بڕیاری سیاسی، بونی سامانێکی زۆری ئەدەبی)، بەڵام ڕۆڵی فەرهەنگیان پشتگوێ خستوە، بەڵگەشمان بۆئەوە ئەوەیە، کە لە هەمو هەوڵ و هۆیەکان بۆ دروستبونی زمانی ستاندارد باسی فەرهەنگ نەکراوە، ئەمە لە کاتێکدا دەکرێت ئەم ئەرکە بدەینە فەرهەنگ، لە کاتێکدا هیچ هۆکارێک نەیتوانی ڕۆڵ

ببینێت، لە بە ستانداركردنی ئەم زمانەدا، بەڵام پێش ئەوەی باسی ئەم ڕۆڵەی فەرهەنگ فەرهەنگ بکەین، دەمانەوێت لە باسی فەرهەنگەوە بچینە ناوەڕۆكی باسەكەوە، كە پەیوەندی بە زمانی ستانداردەوە هەیە:

## ١/٢ فەرهەنگ و زمان

فەرهەنگ و زمان پەیوەندییەكی توندوتۆڵیان بەیەكەوە هەیە، بە تایبەتی یەكێک لە جۆرەكانی فەرهەنگ، كە لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک دەبێت، ئەویش فەرهەنگی ئاوازیی، فەرهەنگی ئاوەزیش، یاخود فەرهەنگی خودی بریتییە لەو فەرهەنگەی كە لە زەینی هەر مرۆڤێكدا بونی هەیە، سەرچاوەی كۆزانیاری ئەوكەسە دەردەخات دەربارەی هەر شتێک، كە لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەستی پێدەكات، جگە لەم جۆرەی فەرهەنگ، سەرجەم جۆرەكانی تریش پەیوەندییەكی توندوتۆڵیان لەگەڵ زماندا هەیە، هەرچەندە جۆرەكانی فەرهەنگ جگە لە فەرهەنگی ئاوەزی، بە فەرهەنگی دروستكراو دادەنرێن، بەڵام ئامانج لە دروستكردنیان پاراستنی زمانە بەگشتی و وشەش بە تایبەتی، چونكە فەرهەنگ لە پاراستنی وشەكانی زمان، ڕۆڵی كۆگایەک دەبینێت:

## ١-١/٢ پێناسەی فەرهەنگ

سەبارەت بە پێناسەی فەرهەنگ هەندێک ڕاوبۆچونی جیاواز هەیە، واتە پێناسەكانی فەرهەنگ جۆراوجۆرن، هۆكاری جیاوازی نوسەران دەربارەی پێناسەی فەرهەنگ، بۆ دو هۆكار دەگەڕێتەوە:

**یەكەم:** لەبەرئەوەی زۆرێک لە فەرهەنگەكان بەتایبەتی لە زمانی كوردیدا كاری تاكە كەسین، هەر یەک بە بۆچونی خۆی پێناسەی فەرهەنگی كردوە.

**دوەم:** جۆرەكانی فەرهەنگ یەكێكی ترە لەو هۆكارانەی وای لە نوسەران كردوە، بۆ چونیان جیاواز بێت دەربارەی پێناسەی فەرهەنگ، لەوانە: فەرهەنگی گشتی، فەرهەنگی تایبەتی، فەرهەنگی فیلۆلۆژی...هتد.

لە بابەتی فەرهەنگدا نابێت، ئەوە لە بیر بكەین، كە جگە لە زاراوەی فەرهەنگ، هەر یەكە لە زاراوەكانی وەک (قاموس، وشەنامە..هتد) بەكاردێن، فەرهەنگ بریتین لەو "كتێبانەی وشە بە خۆیانەوە دەگرن، لە هەر زمانێک لە زمانانی دنیا" (مارف خەزنەدار: ٢٠٠١: ٣١)، هەر چەندە لە ئێستادا جۆرێک لە جۆرەكانی فەرهەنگ پەیدابوە، كە پێیان دەگوترێت: فەرهەنگی ئەلیكترۆنی، "فەرهەنگ تۆمارگەیەكە بۆ كۆكردنەوەی وشەكانی زمان و ڕێكخستنیان، بەپێی پێڕەوێكی تایبەتی و پاراستنیان لە فەوتان و لەناوچون، جگە لە ڕیزكردنی وشە و لێكدانەوەی واتا، هەندێكجاریش زانیاری تریشی سەبارەت بە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاكس و ئیتمۆلۆژییەوە دەخرێتەپاڵ" (سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی: ٢٠١٩: ٣٠_٣١)، ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، كە فەرهەنگ تەنها خۆی لە بابەتی كۆكردنەوەی وشەكانی زمانێكدا نابینیتەوە، بەڵكو زۆرجار زانیاری دەربارەی ئاستەكانی زمانیش تێدا تۆمار دەكرێت، بەو زمانەی، كە فەرهەنگەكەی پێدەنووسرێت. بۆ نمونە فەرهەنگی (قاموسی زمانی كوردی)هی (عەبدولڕەحمانی زەبیحی) لە پیشەكییەكەیدا زانیارییەكی زۆرباشی داوە دەربارەی مێژوی زمان و دەنگەكانی زمانی كوردی و چەند زانیارییەكی تریش، مەبەستیشمان لەوەی كە دەڵێین: زۆرجار، چونكە زۆرێک لە فەرهەنگنوسەكان زمانەوان نەبون، شارەزەیەكی ئەوتۆیان دەربارەی ئاستەكانی زمان نییە، بۆیە لە هەمو فەرهەنگەكاندا ئەم جۆرە زانیارییە نابینرێت.


"مرۆڤ لە كۆنەوە هەوڵیداوە ئەوەی پێویستی پێیە بیپارێزێت، یاخود پاشەكەوتی بكات، بۆ ئەوكاتەی، كە ئیشی پێدەبێت، پێداویستییەكانیش تەنها خۆیان لە یەكشتدا نابیننەوە، بەڵكو هەمەجۆرن، هەروەها چۆن ژیان بەپێی كات دەڕوات، هەر كاتە و پێویستیمان بە شتێک دەبێت، وشە و زاراوەكانی زمانیش، بە یەكێک لەو كەرەستانە دادەنرێن، كە ڕۆژبەڕۆژ لەگەڵ پێداویستییەكانی مرۆڤ بەرەوپێش دەچن، ئەگەر شوێنێک نەبێت، بۆ هەڵگرتنیان، ئەوا مەترسی

لەناوچونیان لەسەرە" (ڕێبوار حەسەن ئیبراهیم: ٢٠٢٢: ٢٦)، بۆیە دەبێت شوێنێک یاخود کۆگایەکمان هەبێت، بۆئەوەی ئەم سامانە نەتەوەییە پێ لە لەناوچون بپارێزین و، زانیارییە زمانییەکانی تێدا تۆمار بکەین. "ئەگەر گەردانەی وشەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەم جوگرافیایە بەسەر زارانەوە ماون و هەر بەشێوەی زارەکی وەمێنن، بەرەبەرە لە زمان دەکەون. ئێستا بەداخەوە گەلێک وشە هەن لە گیانەڵلادان و ئەگەر قەڵەم بە هاواریان نەگا، ڕەنگە ئەم گەوهەرە بەنرخانە لە کیس بچن و تازە ئیتر کەس دەستی وێیان ڕانەگات" (عومەر ئیمام: ٢٠٢١: ١٠).

بۆیە دەکرێت بڵێین: فەرهەنگ: بریتییە لەو کۆگایەی، کە وشەکانی زمانی بەشێوەیەکی سیستماتیک بە پێی پەیڕەو و شێوازێکی تایبەت تێدا تۆمار دەکرێت، جگە لە واتا و بەکارهێنانی وشەکە زۆرجار زانیاری دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی واتاسازی تێدا تۆمار دەکرێت، کە دەڵێین زۆرجار مەبەستمان ئەوەیە، کە مەرج نییە هەمو کاتێک ئەو زانیارییانەی تێدا بێت، چونکە زۆرێک لە فەرهەنگنوسەکان شارەزەییان دەربارەی ئاستەکانی زمان نییە، بۆیە هەندێک لە فەرهەنگەکان تەنها وشە و واتای وشەیان تێدایە.

## ٢/٢ فەرهەنگ و کۆمەڵ

پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان فەرهەنگ و قسەپێکەرانی زمانێکدا هەیە، ئەگەر ئەو کۆمەڵە، یاخود نەتەوەیە زمانەکەی دابەشبوبێ بەسەر چەند زار و شێوەزارێکدا، یاخود با ئەوە نەتەوەیە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە لێکدابڕابێ، ئەوە بێگومان دەکرێت لە ڕێگەی فەرهەنگەوە ئەم نەتەوە، یاخود ئەو کۆمەڵە ئاشتبکەینەوە، ئەمەش بە کۆکردنەوەی کۆی وشەکانی ئەو کۆمەڵە، لە چوارچێوەی کتێبکدا، کە پێی دەگوترێ، فەرهەنگ، ئینجا مەرج نییە تەنها وشەکانی، بەڵکو دەکرێت داب و نەریت و کلتوری نەتەوەکە، یاخود کۆمەڵەکەشی تێدا زیاد بکەین. " بەهۆی زمانەوە پەیوەندی لە نێوان چین و توێژەکاندا دروستدەبێت، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵ سەرچاوەی گەیاندنی زمان و بەکارهێنانی زمانە، واتە زمان لە دایکبوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە" (ئومێد بەرزان برزو و عومەر ئەحمەد عەزیز: ٢٠١٩: ٣)، کەواتە لە زمانەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوە دەگرن، ئەگەر جیاوازی دروستبو، ئەوا بگومان کۆمەڵگە لێکدادەبڕێ و زار و شێوەزارەکان لە دایک دەبن، ئەم زار و شێوەزارانەش بەهۆی فەرهەنگەوە لێک نزیک دەبنەوە. دەکرێت لەم هێڵکارییەی خواراوە ئەم پەیوەندییە زیاتر ڕونبکەینەوە:




هێڵکاری ژمارە (٢) پەیوەندی فەرهەنگ و کۆمەڵ

ئەگەر سەیری هێڵکارییەکە بکەین، دەبینین زمان چەقی فەرهەنگ و شێوەزارەکانی گرتوە، لە هەمان کاتدا، کۆمەڵیش باڵی بەسەر زمان و فەرهەنگدا کێشاوە، شێوەزارەکانی زمانێک لە زمانەکەوە سەرچاوەیان گرتوە، بەهۆی جوگرافیاو چەند هۆکارێکی تر، زار و شێوەزارەکان دروستبون.

دەشێ تێگەیشتن لە نێوان دانیشتوانی شێوەزارەکانی کۆمەڵێک دروست ببێت، بەهۆی فەرهەنگەوە، کەواتە فەرهەنگ پەیوەندی (Relationship) بەهێزی بە کۆمەڵەوە هەیە، وشەکانی کۆمەڵێکیش بەهۆی فەرهەنگ کۆدەکرێنەوە.

## ٣/٢ فەرهەنگ و زمانی ستاندارد

فەرهەنگی زمانێک ڕۆڵی زۆر گرنگ دەگێڕیت، لە پاراستن و فێربونی زمانی کۆمەڵێک، هەر وەک چۆن ڕۆڵ دەبینێت، لە فێربونی زمانی دوەمدا، چونکە زۆرێک لە فەرهەنگەکان فەرهەنگی دو زمانین، بۆ نمونە: "فەرهەنگی زمانی نەتەوەیی (خۆماڵی- بیانی: ئەم جۆرەیان، بە زمانی نەتەوەیی دەست پێدەکات، بەرامبەرەکەشی، بەیەکێ لە زمانە نەتەوەییەکانی جیهان دەبێ، وەکو فەرهەنگی کوردی- ڕوسی، بۆ نمونە: (kurdish- English Dictionary) کە لە لایەن تۆفیق وەهبی و س.ج. ئەدمۆندز لە لەندەن نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە" (شەهاب شێخ طیب: ٢٠١٤: ١٩١)، بۆیە فەرهەنگ پەیوەندییەکی بەهێزی بە زمانەوە هەیە، بەڵام پەیوەندی فەرهەنگ بە زمانی ستانداردەوە تا ئێستا بەشێوەیەکی ورد نەخراوەتەڕو و باس نەکراوە، "هەرچەندە ناتوانین بڵێین فەرهەنگ بەتەواوی وەسفی زمان دەکات، چونکە بەکارهێنانێکی ڕاستەقینەی زمانی لە ڕوی کلتوری و کۆمەڵایەتی ئاماژەی نازەرەکی لەخۆنەگرتوە" https://philosophy.stackexchange.com/questions/336/is-a-language-its-dictionary

بە بەراورد بە لایەنەکانی تری زمان، فەرهەنگ لە هەمویان ڕۆڵی زیاتر دەگێڕێت، لە بە ستاندارد کردنی زمانێکدا، چونکە فەرهەنگ دەتوانێت، کۆی جیاوازی نێوان شێوەزارەکانی زمانێک کۆبکاتەوە، بەڵام بەمەرجێک ئەو زمانە فەرهەنگێکی گشتی، یاخود ئینسکلۆپیدی هەبێت، کە بە داخەوە تا ئێستا ئەمە لە زمانێکی وەک کوردیدا نابینرێت.

## ١-٣/٢ ڕۆڵی فەرهەنگ لە بە ستانداردکردنی زماندا

گەلێک هۆکار هەن، بۆئەوەی نەتەوەیەک ببێتە خاوەنی زمانی ستاندارد، بەڵام هیچ هۆکارێک تا ئێستا ئەو ڕۆڵەی نەبینیوە، کە کورد بەهۆیەوە ببێتە خاوەنی زمانێکی ستانداردی وا هەر چوار پارچەی کوردستان پێی بنوسن و لە ڕاگەیاندنەکاندا بەکاری بهێنن، " زۆربەی نەتەوەکانی جیهان، بەهۆی پەرتوکێکی ئایینی، یان شاکارێکی وێژەییەوە، زمانی ستانداردیان دامەزراندوە، بەڵام تا ئێستا لە نێو نەتەوەی کورد بە گشتی، کوردی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان بە تایبەتی، نوسەرێکی مەزنی وای تێدا هەڵنەکەوتوە، تا بتوانێ بەرهەمێکی وێژەیی بەرز و بە نرخ بنوسێ، بە مەرجێ شێوازی نوسینەکەی هێندە شیرین، ڕەوان، ئاسان و بە تاوتینبێ، شێوە زمانێکی یەکگرتوی نوسین، چ لە کرمانجی ژورو چ لە کرمانجی خواروودا دروسکا" (حوسێن محەمەد عەزیز: ٢٠٠٥: ٣٦٩)، مادام ئێمە نەمانتوانیوە، بە هیچ ڕێگەیەک زمانێکی ستانداردی وا دروست بکەین، کە هەر چوار پارچە پێی بخوێنن و بنوسن و لە ڕاگەیاندنەکاندا بەکاریبهێنن، دەکرێت لە ئێستادا پەنا بۆ فەرهەنگ بەرین، کە بەهۆیەوە بتوانین زمانی ستاندارد دروستبکەین.

لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات، کە چۆن دەکرێت فەرهەنگێک ئەو ڕۆڵە ببینێت؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەکرێت هەر سود لە فەرهەنگ ببینین، چونکە دەکرێت لە فەرهەنگدا جگە لە وشەکانی زمانێک هەمو زانیارییەکی (ڕێنوس، دەنگسازی، ڕێزمان، واتاسازی) زمانێکی تێدا بێت، لەبەرئەوە لە هەمو زمانێکدا ئەو زانیارییانە ڕۆڵ دەبینن لە ستانداردبونیدا.

لە زمانی کوردیدا هۆکاری نەبونی زمانی ستاندارد جوگرافیا و سیاسییە، ڕاستە جیاوازی دیالیکتمان هەیە، بەڵام هەروەک سۆسێر "پێیوایە کاریگەر جوگرافی لەسەر زمان و دیالێکتەکانی، دەکەوێتە چوارچێوەی کاریگەری دەرەکی و ناچنە نێو خودی سیستەمی زمانەکەوە" (فردیناند دی سوسیر: ١٩٨٥: ٤٠)، ئەمەش بە بونی ستاندارد چارەسەر دەکرێت، کە فەرهەنگ ڕۆڵی تێدا دەبینێت، چونکە زمانی ستاندارد و فەرهەنگ لە ڕوی هۆکارەکانی سەرهەڵدانیشەوە لێک دەچن، واتە هاوبەشن.

ئەمانەی خوارەوە هۆکاری سەرهەڵدانی فەرهەنگ و زمانی ستانداردن:

١. هۆکاری ئایینی.

٢. هۆکاری سیاسی.

٣. هۆکاری ڕۆشنبیری.

٤. هۆکاری زمانی ...هتد، ئەم هۆکارانە هەم بۆ زمانی ستاندارد، هەمیش بۆ دانانی فەرهەنگ هەمان شتن[2]

## ٢-٣/٢ جۆرەکانی فەرهەنگ و زمانی ستاندارد

فەرهەنگ لە زماندا چەند جۆرێکی هەیە، هەر یەک لەم جۆرانەی فەرهەنگ گرنگی و بەهای خۆی لە زماندا، "فەرهەنگ یەکێکە لەو بوارانەی دەکرێت لق و بەشی جیاجیای لێ ببێتەوە، لەبەرئەوەی چەمکەکان زۆرن، چ لە بواری زانستی، یان بوارەکانی تری ژیانی مرۆڤایەتی، ئەمانە هەمویان پێویستیان بە دانانی فەرهەنگی هەیە، تا وشەکانی ئەو بوارانەی تێدا بپارێزرێت و دابنرێت" (شەهاب شێخ تەیب: ٢٠٢١: ١٠٩)، بەکارهێنەرانی زمانەکە بە پێویستی دەتوانن، سود لە هەمو جۆرەکانی فەرهەنگ ببینن، هەر یەکەیان زانیاری تێدایە دەربارەی بوارێک لە بوارەکانی ژیان، هەشیانە زانیاری جۆراوجۆری تێدایە، واتە زۆرجار فەرهەنگ بوارێک تێدەپەڕێنێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هاوبەشی هەیە، لە نێوان بوارێک، یاخود پیشەیەک بۆ پیشەیەکی تر.

جۆرەکانی فەرهەنگ هەر یەکەو بە بەشی خۆی پەیوەندی بە زمانی ستانداردی ئەو نەتەوەوە هەیە، کە فەرهەنگەکەی تێدا بنیاتنراوە، هەروەها ئەو وشە و دەستەواژانەی کە بونە بە هەوێنی زمانی ستاندارد، لە فەرهەنگەکاندا بونیان هەیە، یاخود وشەکانی زمانی ستاندارد لە فەرهەنگدا هەڵ دەگیرێن و پارێزگاریان لێدەکرێت و سەرجەم زانیارییەکان دەربارەیان تێدا دەنوسرێت. "بابەتی ستانداردکردنی زمانێک تەنها خۆی لە بابەتی زماندا نابینێتەوە، بەڵکو سودی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بۆ بەکارهێنەرانی زمانەکە زیاد دەکات و دەست بەسەر تەواوی شێوازی ژیانی کۆمەڵگەیەکدا دەگرێت، لە بوارەکانی چالاکی مرۆڤ وەک (جل و بەرگ، خۆراک، ئامێر و ئامیرەکانی ناوماڵ، گواستنەوە... هتد)" (Rondeau: 1981: 4-8)، کەواتە پەیوەندییەکە چەند لایەنە، بە هەبونی فەرهەنگ بناغەی زمانی ستاندارد دادەنرێت، بە مەرجێک ئەم فەرهەنگە، فەرهەنگێکی گشتگیر بێت، بە هەبونی زمانی ستانداردیش فەرهەنگەکانی زمان باشتر جێی خۆیان دەگرن. سەبارەت بە جۆرەکانی فەرهەنگ، زمانەوان و نوسەرانی بواری فەرهەنگ زۆر جۆری فەرهەنگیان دیاریکردوە، ئەگەر لە ڕوی زمانەوە سەیر بکەین دەبین فەرهەنگی یەک زمانیمان هەیە، سەرە وشە و بەرە وشەکە بە یەک زمان دەبن، (فەرهەنگی خاڵ) کە هی (شێخ محەمەدی خاڵە) و فەرهەنگی (قاموسی زمانی کوردی) کە هی (عەبدوڕەحمانی زەبیحی)یە، نمونەی ئەم جۆرە فەرهەنگەن، ئینجا جۆرێکی ترمان هەیە، پێی دەوترێت ( Bilingual or Multilingual Dictionary)، واتە فەرهەنگی دو زمانی یا فرە زمانی، ئەم جۆرە فەرهەنگە بە دو زمان دەنوسرێت، یەکێکیان زمانی خۆماڵییە، ئەویتریان زمانی بێگانەی، یاخود بە پێچەوانەوە (بێگانە- خۆماڵی) یە.

بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ دو جۆر فەرهەنگ دەکەین، ئەوانیش فەرهەنگی بنەڕەتی و فەرهەنگی گشتین.

### ٣/٢-٢-١ فەرهەنگی بنەڕەتی و زمانی ستاندارد

فەرهەنگی بنەڕەتی (Basic Dictionary) "کۆگایەکە بۆ کۆکردنەوەی وشە خۆماڵیەکانی زمانێکی دیاریکراو، بە بەراورد بە فەرهەنگی گشتی لە ڕوی ژمارەی وشەکانەوە، قەبارەی بچوکترە، واتە ژمارەی وشەکانی کەمترە لە فەرهەنگی گشتی، بەڵام لە فەرهەنگی تایبەتی زیاترە" (ڕێبوار حەسەن ئیبراهیم: ٢٠٢٢: ٢٩)، واتە ئەم جۆری فەرهەنگ تەنها وشەی خۆماڵی زمانێک لە خۆ دەگرێت، هەرچەندە کارکردن لەم جۆرە فەرهەنگەدا بە کارێکی گران دادەنرێت بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا، چونکە ئەستەمە فەرهەنگنوسی کورد بتوانێت هەمو وشە خۆماڵییەکانی زمانەکەی دەستنیشان بکات، "وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی دەچنە ڕیزی وشە چالاکەکان، کە هەمیشە بەسەر دەمەوەن و بەکاردێن" (سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی: ٢٠١٩: ٣٥)، ئەم جۆرەی فەرهەنگ چ پەیوەندییەکی بە زمانی ستاندارد (Language Standard) وە هەیە؟ لە کوێدا خزمەت بە زمانی ستاندارد دەکات؟ چ ڕۆڵێک دەبینێت؟

فەرهەنگی بنەڕەتی دەورێکی کارا و چالاک دەبینێت، لە بنیاتنان و بە ستانداردکردنی زماندا، چونکە ئەوە لە زمانی ستانداردا زیاتر پشتی پێ دەسترێت، وشەی خۆماڵییە، بۆئەوەی ئەوەندەی بکرێت، وشەی خۆماڵی (Local Word) لەو زمانە ستاندەردا بەکاربهێنین، کە بڕیارە فەرهەنگ ڕۆڵی تێدا ببینێت، وشەی خۆماڵی: ئەو وشانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە سەرچاوەیان گرتوە، لێرەدا مەبەستمان (زمانی کوردی)یە، هیچ پەیوەندییەکی دور و نزیکیان لەگەڵ زمانی بێگانەدا نییە.

باشترین سەرچاوەش بۆ وشەی خۆماڵی فەرهەنگی بنەڕەتییە، چونکە لە فەرهەنگی بنەڕەتیدا "وشەی چالاک و بنەڕەتی تێدان، کە سەرەکی و گرنگن، لە کاری ڕۆژانەدا پشتیان پیدەبەسترێت و بەکاردەهێنرێن" (https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/basic )، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین: "لە نێوان خێزانی

زمانە ئێرانییەکاندا، لە هەمو ئاستەکاندا، خاڵی هاوبەش هەیە، بە تایبەتی لە فەرهەنگی بنەڕەتی زماندا، هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە ئەم زمانانە لە دایکە زمانێکەوە داکەوتون، کە پێی دەوترێت زمانی ئێرانی کۆن، لەبەرئەوە ئاساییە، کە هاوبەشی و نزیکیی لە نێوان فەرهەنگی ئەو زمانانەدا، بە تایبەتی لە فەرهەنگی بنەڕەتیدا، بەدی بکرێت" فاروق عومەر سدیق: ٢٠١١: ٤٩)، زۆر وشەشمان هەیە، لە ڕوی ئیتمۆلۆژییەوە یەکلانەبۆتەوە ئاخۆ سەرچاوە ڕەسەنەکەی، کامەیە؟ کوردییە یاخود زمانێکی تر، کەواتە فەرهەنگی بنەڕەتی "وشە ڕەسەنەکانی زمان دەگرێتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەو وشانە تەنها موڵکی یەک زمان بن، چونکە هەر زمانێک خێزانە زمانی خۆی هەیە و ئەم زمانانەش هاوخێزانی یەکترین و لە کۆمەڵێک وشەدا هاوبەشن، بۆیە بەشی زۆری وشەی زمانی کوردی بە وشەی کوردی ڕەسەن دادەنرێن" (عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم: ٢٠١٤: ٦). بۆیە گوتمان ئەم جۆرەی فەرهەنگ دەبێتە بنەما بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد.

### ٢-٢-٣/٢ فەرهەنگی گشتی (Encyclopedia) و زمانی ستاندارد

فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدیا بە سەرچاوەی وشەکانی زمانێک دادەنرێت، واتە سەرجەم وشەکانی زمانێک لە خۆ دەگرێت، بە وشەی خۆماڵی وشەی بێگانەوە، فەرهەنگی گشتی "لەڕوی ژمارەوە بێ سنور وشە لەخۆدەگرێت، هۆیەکانی دەوڵەمەندبونیشی بەستراوە بە گەشەسەندنی ژیانی مرۆڤەوە لە هەمو بوارەکانی ژیاندا، هەندێکجاریش بەپێی بنەمای وەرگێڕانی بیرەکان، واتە بیرەکە وەردەگێڕدرێت، کە ئەمەش بە یەکێک لە ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی وشە دادەنرێت" (عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم: ٢٠١٤: ١٠).

کەواتە فەرهەنگی گشتی بە یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی دروستبونی زمانی ستاندارد دادەنرێت، کۆکەرەوەی وشەی سەرجەم دیالێکتەکانی زمانێکە، بە وشەی خۆماڵی و بەو وشانەش، کە لە زمانی دیکەوە هاتونەتە ناو زمانەکەوە، "لە ڕوی چالاکی بەکارهێنانی وشەکانەوە بەپێی پلەی چەسپاوی و نەچەسپاوییان، فەرهەنگی زمان پێکدێت، لە فەرهەنگی گشتی (Vocabulary) کە سەرجەمی ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لە زمانێکدا بەکاردێن" (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١٣: ١٥٠).

پرسیارێک لێرە دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە: بۆچی دەکرێت بڵێین: (فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدیا) دەورێکی باڵا دەبینێت، لە دروستکردنی زمانی ستانداردا؟

وەڵامەکەی دەشێ لەوەوە دەستمان بکەوێت، کە فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی"جۆرێکە لە جۆرەکانی فەرهەنگ، بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازە لە فەرهەنگیش، بەوەی، کە تۆمارێکە بۆ زانست و هونەرەکان و هەمو ئەو چالاکییە هۆشەکیانەی مرۆڤ. ئەگەر بێت و فەرهەنگ بابەتی (ڕێزمان) شیبکاتەوە، بە دەرخستنی واتا و دارشتنەکانی، فەرهەنگی گشتگیر بەوەوە ناوەستێ، بەڵکو پێناسەی دەکات و ئاماژە بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندن و لق و تایبەتییەکان و سەرچاوەکانیشی دەکات" (شەهاب شێخ تەیب: ٢٠٢١: ١٢١)، لەبەرئەوەی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی فەرهەنگێکی گشتگیرە، هەمو لایەنەکانی نەتەوەیەک لە خۆ دەگرێت، بۆیە دەکرێت، بڵێین ڕۆڵ دەگێڕێت، لە بە ستانداردکردنی زمانێکدا. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر جۆرەکانی تری فەرهەنگ یەک لایەنی ژیانی کۆمەڵگەیەک دەربخەن، ئەوا فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی هەمو لایەنەکان دەردەخات.

هۆکاری گشتگیری فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی بە بۆچونی ئێمە بۆ دو هۆکار دەگەڕێتەوە:

یەکەم: ئەم جۆرەی فەرهەنگ کۆکەرەوەی هەمو جۆرەکانی تری فەرهەنگە، بە زانیاری زیاتریشەوە.

دوەم: بۆ تاکە کەس زەحمەتە بتوانێت ئەم جۆرە فەرهەنگە بنوسێت، بۆیە ئەمە زیاتر بە کاری کۆمەڵێک دادەنرێت، بۆیەش زانیارییەکانی فراوانن، دەشێ بۆ هەمو بوارێک سودی لێ ببینرێت. بۆیە فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی

"جۆرێکە لەو فەرهەنگانەی، کە تەنها لەو خاڵەدا ناوەستێ، ڕاڤەی وشە و واتاکەی بکات، بەڵکو لەوە زیاتریش پەل دەهاوێژێ، بۆ زانیاری دور لە زمان، وەک ناوهێنانی هەندێ لە زانا و ئەدیب و مێژوی لە دایکبون و کۆچکردن و هەندێک لە کارەکانیان" (سليمة هالة: ٢٠١٢: ٤)، واتە زانیارییەکانیان تەواو فرە لایانەو؛ "هەوڵدەدات هەر بابەتێک بە قوڵی باس بکات و ئەو زانیارییە کەڵەکەبوانەی لەسەر ئەم بابەتە هەن بەتەواوی بیانخاتە ڕو" (https://en.wikipedia.org/wiki/Encyclopedic_dictionary)، هەمو ئەم زانیاریانەش دەشێت ببن بە بناغە بۆ دروستبونی زمانی ستاندارد.

## ٤/٢ زمانی کوردی و فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی

ئێمەی کورد زۆر کارمان لە بواری فەرهەنگدا کردوە، بەڵام تا ئێستا نەبوین بە خاوەنی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی، هۆکارەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، نە حکومەت، نە هیچ ناوەندێکی ئەکادیمی، نە هیچ تاقم و گروپێک، هەوڵی ئەوەیان نەداوە، کە دەستەیەک پێکبهێنن، بۆئەوەی فەرهەنگێکی لەم بابەتە پێکبهێنین، چونکە ئەمە کاری کۆمەڵێکە، تاکە کەس ناتوانێت، ئەم کارە بکات، هەروەک (هەژار موکریانی) لە پێشەکی فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە) دەڵێت: "فەرهەنگ دانان کاری یەکێک و دوان نیە؛ گەرەک زۆر و زەبەند پیاوی دەمپاراوی پسپۆڕ لە زمانەوانیدا و ئاگا لە زۆر شێوەی جۆر جۆر، لەمەڕ ئامراز و کەرەستە تەیار و ساز، ژوانگەیەکیان بۆ دابنرێ ڕۆژ بە ڕۆژ لێک کۆببنەوەو جگە لە فەرهەنگ داڕشتن هیچ کارێکی تریان نەبێ" (هەژار موکریانی: ١٣٨٩: بیست و هفت)، بۆیە ئەو فەرهەنگانەی لە زمانی کوردیدا هەن، فەرهەنگی گشتگیر یمان نییە، هەروەک پێشتریش ئاماژەمان بەوە کرد، زمانی ستاندارد و فەرهەنگ سەرچاوەکەیان یەک شتە، فەرهەنگ ڕۆڵێکی گرنگی تێدادەبینێت، بە تایبەتی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی، بەڵام ئێمە نیمانە، نەمانتوانیوە ئەم کۆ دەنگییە دروست بکەین.

فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی لە نێو نەتەوەکانی دنیا دا بە هەوڵی حکومەت و ناوەندی ئەکادیمی توانراوە ئەم جۆرە فەرهەنگە دابنرێت، بۆ نمونە: فەرەنسییەکان "لە دوای دوا چارەگی سەدەی (١٨) زایینی ئەکادیمای پاشایەتی فەرەنسا بڕیاری ئەوەیدا، تاکو لەلایەن لێکۆڵەر و نوسەر و فەلسەفەکارانەوە دەستبکرێت، بە دانانی ئینسایکلۆپیدیایەکی گەورە، سەبارەت بە ژیار و کولتور بەگشتی و ئەدەب و فەلسەفە و زانستە سروشتییەکان بە تایبەتی، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا ئاکامی کاری چل فەلسەکار و لێکۆڵەری فەرەنسی بو بە ئینسایکلۆپیدیایەکی (بیست و هەشت بەرگی)، کە بە ئینسایکلۆپیدیای (دیدرۆ) ناسرا (بەختیار سەجادی و محەمەد مەحوی: ٢٠٠٢: ٧)، بۆیە ئێمەی کورد ئەگەر پێشتر فەرهەنگێکمان هەبوبێ بە ناوی (ئینسایکلۆپیدیا)وە، بەڵام "ئەمانە هیچ کامێکیان بەر چەمکی ئینسایکلۆپیدیا ناکەون و هیچ لە ئامانجەکانی جێبەجێ ناکەن، هەمو ئەرکی دڵسۆزی و تاکە کەسین، هەوڵی سەرەتایی سادەن، ئەگەر جاران تاکە کەسێ بۆی هەبو خۆی لە دانانی ئینسایکلۆپیدیای گشتی بدات، ئێستاکە سەردەمی تەقینەوە و لافاوی زانیارییە، تاکە کەس هەرچەند بلیمەت و شارەزا و بەتوانا بێ، هەرچەند کات و وزەی بۆ تەرخان بکات، هەرگیز دەرەقەتی نایێ" (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ٣٧٤)، لەبەرئەوە نەمانتوانیوە کارێکی لەم بابەتە بکەین، کە ئەمە بە بناغەی زمانی ستاندارد و سەرچاوەی زانیاری نەتەوەیەک دادەنرێت.

## ٤/٢-١ پلاندانان بۆ فەرهەنگی گشتگیر

دانانی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی کارێکی ئاسان نییە، پلانی پیشوەختەی دەوێت، کە دەکرێت حکومەت، یان ناوەندێکی ئەکادیمی پیی هەڵسێ، بە ڕاسپاردن و پێکهێنانی دەسەتەیەکی فراوان، لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بە هەڵبژاردنی دەستەی جیاواز لە خەڵکی ڕۆشنبیر و زمانەوان، شارەزایانی ئاین، شارەزایانی بواری فەلسەفە....هتد

بۆیە "ئینسایکلۆپیدیای گشتی پرۆژەیەکی یەکجار فراوان و گەورە و مەزنە، بۆ وەدیهێنانی دەبێ دامودەزگای تایبەتیی بۆ تەرخان بکرێ، تێید بە سەدان شارەزا و پسپۆڕ بەپێی پلان و نەخشەیەکی ستراتیجیی دورخایەن و ڕون و دیار و ئامانجدار کار بکەن" (هەمان سەرچاوە: ٣٧٤)، ئینجا وشەکانی بەپێی ئینسایکلۆپیدیاکانی تری جیهانی ڕیز بکرێن، چونکە (بۆداگۆڤ) دەڵێت: "وشە گرنگترین کەتیگۆڕی زمانییە، کاتێ قسە لە زمان دەکرێت، پێش هەمو شتێک وشە بە بیردا دێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە زمان لە وشە پێکهاتوە و بەویش شیتەڵ دەکرێتەوە" (فاروق عومەر سدیق: ٢٠١١: ١٣)، پاشان دەکرێت وشەکان بەپێی بوارەکانیان جیابکرێنەوە، بۆئەوەی خوێنەر بە ئاسانی دەست بە زانیارییەکانی ڕابگات، لەبەرئەوە "کاتێک تاک بیر لە زمانێک دەکاتەوە، بەبێ جیاوازی بیر لە وشەکانی زمانەکە دەکاتەوە، وشەکان بنەمای بنیاتنانی زمانن، ڕاستییەکی پەسندکراوە، کە کۆ زانیاریی وشە، ئەو زانیارییانەی، کە ئاخێوەرانی زمانێک دەربارەی وشەکانی زمانەکەی دەیزانن، لەگەڵ ئەو دەوروبەرانەی بۆیان بەکاردێن" (باخان سرحد عبدالرحمن: ٢٠٢٤: ٨١).

فەرهەنگی ئنسایکلۆپیدی پێویستە بەو ڕێنوسە بنوسرێت، کە بناغەیە بۆ زمانی ستاندارد، ئینجا هەوڵبدرێت بە (ئەلفوبێی دەنگیی نێو دەوڵەتی- IPA) بنوسرێت، چونکە ئەم ئەلفوبێیە " یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە سەرەکییەکانی فەرهەنگی تۆمارکراو" (علی حمد عثمان: ٢٠١٦: ١٠٤)، پاشان "بۆ فێربونی وشەی نوێ سێ شت زۆر گرنگن، ڕێنوسێکی بژاردە، واتای بنەڕەتی و زانیاریی دەنگی" (Shoba: 2001: 19)، ئەوکات ئەم فەرهەنگە دەبێتە سەرچاوە بۆ دروستبونی زمانی ستاندارد، لەبەرئەوەی سەرجەم وشەکانی زمانی تێدایە، ئەو وشانەی لە فەرهەنگی ئاوازی ئەوکۆمەڵگەیە دان، ئەگەر فەرهەنگێکی لەم شێوەیە نەبێت، ناتوانین پارێزگاری لە مانەوەی ئەو هەمو وشانە بکەین، لەبەرئەوە "هەر ئاخێوەری زمانێک ژمارەیەکی زۆری وشەی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا گەنج- هەڵگرکردوە، ئەو ژمارە زۆرەی وشە بە وردی و پێڕەوبەندانە ڕێککخراون، نەک بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵگیرابن، بەکارهێنەرانی زمانێک تۆڕی وشەییان هەیە، کە لەڕوی فۆڕم، سینتاکس و سیمانتیکییەوە پێکەوەبەستراون" (باخان سرحد عبدالرحمن: ٢٠٢٤: ٩٠).

لێرەوە دەتوانین بەهۆی ئەم فەرهەنگەوە، بناغەی ئەو زمانە ستاندارده دابڕێژین، کە لە بەشی یەکەمدا باسمان کردو؛ ئەو فەرهەنگە ڕۆڵی تێدا دەبینێت، بۆیە "نەتەوەی بێ فەرهەنگ بە نەتەوەیێکی هەژار و مردو دەژمێررێ، چونکە فەرهەنگ بە یەکێ لە دینگە سەرەکییەکانی زمان و نەتەوەکە دادەنرێت، هەر بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانرێ هەمو دیالێکت، بەش لقە دیالێکتەکان کۆکرێتەوە" (حوسێن محەمەد عەزیز: ٢٠٠٥: ٤٨٧)، بۆیە دەکرێت بڵێین: فەرهەنگ تاکە سەرچاوەکەیە بتوانێت؛ وشەکانی دیالێکتەکانی زمانێک کۆبکاتەوە، ئینجا ئەمە ڕۆڵی فەرهەنگمان بۆ دەردەخات لە بەستاندارد کردنی زمانێکدا، پاشان بەهۆی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی دەتوانین کۆدەنگییەک دروست بکەین، چونکە وەک پێشتر گوتمان، کە دەبێت بەهۆی ئەم فەرهەنگە لەلایەن دەستەیەکی هاوبەشەوە سازبکرێت، ئەم دەستە پێکهاتبێ لە ئەندامانی هەر چوار پارچەی کوردستان، واتا شارەزایانی هەمو دیالێکتەکان تیادا بەشدار دەبن، لێرە دەکرێت ڕێککەوتن لەسەر هەمو لایەنی زمانەکە بکرێت، وەک: (دەنگسازی و ژمارەی دەنگەکان، لایەنی وشەسازی و هەڵبژاردنی کۆمەڵێک وشە، لە هەمو دیالێکتەکان، پاشان زانیاری سینتاکسی، دەرخستنی لایەنی واتایی... هتد).

ئەمە هەموی دەبێتە وەرچەرخانێک لە مێژوی کورددا، هەم بۆ لایەنی فەرهەنگی، کە دەبینە خاوەن فەرهەنگێکی ئینسایکلۆپیدی گشتگیر، هەمیش دەبینە خاوەن زمانێکی ستاندارد، کەر چوار پارچەکە و کوردانی هەنداران پێی بنوسن و لە ڕاگەیاندنەکاندا بەکاری بهێنن[3].

بۆ ئێمەی کوردیش ئەمە بە کارێکی پێویست دادەنرێت، کە دەبێت حکومەت، یاخود ناوەندێکی ئەکادیمی، یان سەرۆکی وڵات هاوشێوەی وڵاتانی عەرەبی پێی هەڵسێ و بانگەوازی بۆ بکات، بۆ ئەوەی ببین بە خاوەن فەهەنگێکی

ئینسایکلۆپیدی گشتگیر و؛ هەر لێرەشەوە بڕیاری بە ستانداردکردنی زمانی کوردی بدەین، ئەو زمانە ستانداردە لە هەر چوار پارچەدا بەکار بێت، چۆن عەرەبەکان (٢٢) دەوڵەت بە یەک زمانی ستاندارد دەنوسن و لە ڕاگەیاندنەکانیاندا بەکاریدەهێنن، هەروەها لە بواری پەروەردە و فێرکردنیش هەر بەم زمانە دەدوێن، بۆ ئێمەی کوردیش ئەگەر لە دهاتودا ببینە خاوەن زمانێکی ستانداردی لەم شێوەیە، ئەوە ئەو زمانە دەبێتە بنەما بۆ یەکێتی نەتەوەیش.

هەوڵدان بۆ بنیاتنانی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی دەبێت لە ژێر چاودێری حکومەت یان ناوەندێکی ئەکادیمیدا بێت، لە هەر پارچەیەکی کوردستان چەند دەستەیەک پێکبهێنرێن، پاشان ڕاسپاردنی هەر دەستەیەک، بۆ کارێک، هەفتانە، یان مانگانە ئەم دەستانە بەیەکەوە کۆ ببنەوە، پاشان کۆبونەی دەستەکانی هەر چوار پارچەکە، بۆ گفتوگۆ و ڕاوێژ دەربارەی کارەکانیان و ئاڵوگۆڕکردنی بیر و بۆ چونەکانیان، لە کۆتاییدا نوسینەوەی هەمو زانیارییەکان و بە دارشتنی پێشەکییەکی فەرهەنگی، پڕ زانیاری دەربارەی زمانەکە، ئەمە دەبێتە بناغە، بۆ زمانی ستانداردی گشتی، کە لەلایەن هەر چوار پارچەکەوە، بەکار ببرێت، دەشی لایەنە سیاسییەکان ڕۆڵی تێدا بگێڕن، بۆئەوی جێگەی خۆی بگرێت. پێکهاتە و کاری دەستەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:


**دەستەی یەکەم:** ئەرکی ئەم دەستەیە، کۆکردنەوەی سەرجەم وشەکانی زمانی کوردی، لەگەڵ واتاکانیان، هەر پارچەیەکی کوردستان دەستەیەکی لەم چەشنەی بۆ دادەنرێت.

**دەستەی دوەم:** کاری ئەم دەستەیە جیاکاری دەبێت لە نێوان وشە و زاراوەکان، ئەم دەستەیەش بونی دەبێت لە هەمو پارچەکاندا.

**دەستەی سێیەم:** کاری ئەم دەستەیەش بریتی دەبێت، لە کۆکردنەوەی سەرجەم زانیارییە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکان، کە لە هەریەک لەم پارچەکاندا بونیان هەیە.

**دەستەی چوارەم:** کاری ئەم دەستەیەش بریتی دەبێت، لە وردبینی و کاری هونەری بۆ سەرجەم ئەو زانیاریانەی دەربارەی یەکەکانی زمان کۆکراونەوەز

بناغەی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی لەم هێڵکارییەی خوارەوە زیاتر ڕونکراوەتە، دەکرێت ببێت بە پڕۆژە، بۆئەوەی لە داهاتودا کاری لەسەر بکرێت.




(هێڵکاری ژمارە (٣) پلانی پێکهێنانی دەستەیەک بۆ بنیاتنانی فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی)

## ئەنجام

١. لە زماندا زۆر هۆکار هەن بۆ دروستبونی زمانی ستاندارد، هەر نەتەوەیەک سودی لە هۆکاریک، یاخود چەند هۆکارێک بینیوە، لە زمانی کوردیدا هیچ هۆکارێک نەبۆتە بەهۆی دروستبونی زمانی ستاندارد، دەکرێت فەرهەنگ بەگشتی و فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی ئەم ڕۆڵە ببینێت.

٢. زمان و فەرهەنگ پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە، بەهۆی فەرهەنگەوە پارێزگاری لە وشەکانی زمان دەکرێت، ئەگەر فەرهەنگ نەبێت، بێگومان وشەکانی زمان لە بەردەم مەترسی لە ناوچوندان، بەڵام بەهۆی فەرهەنگەوە دەتوانین پارێزگاریان لێ بکەین.

٣. ئەگەر پێشتر پێمان وابوبێ زمانی ستاندارد تەنها سودی هەیە، ئەوا لە ئێستادا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە زمانی ستاندارد چەند زیانێکیشی هەیە، بەڵام سودەکان بە بەراورد بە زیانەکان زیاترن.

٤. لە ڕوی بنەمای دروستبونەوە فەرهەنگ و زمانی ستاندارد، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان فەرهەنگ و زمانی ستانداردا هەیە، بەجۆرێک لە یەک بنچینەوە سەرچاوە دەگرن، چمان بۆ زمانی ستاندارد پێویستبێ هەمان شتیشمان بۆ فەرهەنگ پێویستە، بۆیە دەکرێت لە یەک کاتدا پلان بۆ هەر دوکیان دابنێین، بە تایبەتی فەرهەنگی گشتی.

٥. هەمو جۆرەکانی فەرهەنگ هەر یەکەو بەپێی پێکهاتەی خۆیان ڕۆڵ دەبینن، لە بە ستاندارد کردنی زماندا، بە تایبەتی فەرهەنگی گشتگیر- ئینسایکلۆپیدی، چونکە ئەم جۆرە فەرهەنگە هەمو زانیارییەکی تێدایە دەربارەی ئەو زمانەی، کە پێی دەنوسرێت، لەبری ئەوەی وشەکانی هەمو بوارێک لەخۆ دەگرێت.

٦. باشترین سەرچاوە بۆ زمانێکی وەک کوردی، کە خاوەنی چەند زار و شێوەزارێکە، بتوانین هەموانی پێ کۆبکەینەوە، بناغەی زمانێکی ستانداردی پێدابرێژین، ئەوا فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدییە.

## لیستی سەرچاوەکان


ئازاد عەزیز سلێمان (٢٠٢٢) سیاسەتی و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بە نمونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

ئومێد بەرزان برزو و عومەر ئەحمەد عەزیز (٢٠١٩) هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و هەمەجۆری لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی جیهان، بەرگی سێیەم، ژمارە(٢)، سلێمانی.

ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠١٤) وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

باخان سرحد عبدالرحمن (٢٠٢٤) پەیپێبردنی ئاخاوتنی و دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

بێستون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢) کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

بەختیار سەجادی و محەمەد مەحوی (٢٠٠٢) زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

بەکر عومەر عەلی (٢٠١٤) چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حمەئەمین (٢٠٠٧) زار و شێوەازار، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

بەهار زایر محمد (٢٠٠٩) زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین.

تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٤) زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

حوسێن محەمەد عەزیز (٢٠٠٥) سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

دەریا سابیر حەمەد (٢٠١٦) کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی لە نێوان ڕێنوس و یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین.

ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا (٢٠١٣) فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

ڕێبوار حەسەن ئیبراهیم (٢٠٢٢) وشەکانی بواری ئاژەڵداری لە دەڤەری پشدەردا (لێکۆڵینەوەیەکی فەرهەنگییە)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین.

سابیر ژاکاو (٢٠٢٢) ستانداردسازی زوان یا ئیمپێریالیزمی زوان، گۆڤاری تفکر انتقادی، ژمارە (١٤).

سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی (٢٠١٩)، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نوسیندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان_ زانکۆی سلێمانی.

سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩) زمانەوانی بەرگەکانی (یەکەم، دوەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٥) چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٤) دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین, هەولێر.
شەهاب شێخ تەیب (٢٠٢١) فەرهەنگسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
علی حمد عثمان (٢٠١٦) ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی کوردیدا (فەرهەنگی یەک زمانیی زاری کرمانجی ناوڕاست وەک نمونە)، نامەی ماستەر، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.
عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم (٢٠١٤) وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سلێمانی.
عومەر ئیمام (٢٠٢١) فەرهەنگی ئاژەڵداری، چاپی یەکەم، وەشانخانەی مادیار، سنە.
عەبدوڕەحمانی زەبیحی (١٣٦٧) قاموسی زمانی کوردی، ئینتیشاراتی سەحەدینی ئەیوبی.
فاروق عومەر سدیق (٢٠١١) لە دایکبونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
فاروق عومەر سدیق (٢٠١٣) جیپەنجەی فرێزی بە لێکسیمبو لە پەرەسەندی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B) ژمارە (٤٣) تشرینی دوەم، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
مارف خەزنەدار (٢٠٠١) فەرهەنگی کوردی، گۆڤاری نوسەری نوێ، ژمارە (١٩).
محمد حسین احمد (٢٠٢٣) بەشداریی نەخشەی زمانیی تاک لە ڕێککەوتنی زمانییدا (بەشدارییە زمانییە ئەلیکترۆنییەکان بە نمونە)، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠٠٨) زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتوی کوردی، چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر.
مستەفا نەریمان (١٩٨١) ڕێنوسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە، چاپخانەی دار الحریة، بغداد.
نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٣) زمانی ستنداردی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
هـ . د. ویدۆوسن (٢٠٠٨) سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆک.
هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٧) زمان و نەتەوە و زمانی ئەدەبیی یەکگرتو، کۆنگرەی دوەمی زانستی زمان- لە پێناو پەرەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی، گۆڤاری ژمارە (٢).
هەژار موکریانی (١٣٨٩) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چاپی حەوتەم، چاپخانە و انتشارات سروش، تاران.
وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
وریا عومەر ئەمین (٢٠١١) پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
سلیمة هالة (٢٠١٢) المداخل في المعاجم الحديثة (المعجم العربي الاساسي للمنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم نموذجا، جامعة قاصدي مرباح- ورقلة، كلية الاداب واللغات، جزائر.
فردیناندی سوسير (١٩٨٥) علم اللغة العام، ترجمة: د. يوئيل يوسف عزيز، دار افاق العربية، بغداد.
محمود السعران (١٩٦٢) علم اللغة مقدمة للقارئ العربي، دار النهضة العربة، بيروت.
Bratlie, S.S., Brinchmann, E.I., Melby-Lervåg, M. and Torkildsen, J.V.K., 2022. Morphology—A gateway to advanced language: Meta-analysis of morphological knowledge in language-minority children. Review of Educational Research, 92(4), pp.614-650.
Fasold, R. (1984) The Sociolinguistics of Society, Oxford, Blackwell.
Hadebe, S. (2006) The Standardization of Ndebele Language Through Dictionary- Making, Harare/ Oslo, The Allex Project.

Hadebe, S., 2007. Language planning and monolingual dictionaries: with special reference to Ndebele. Lexikos, 17.

Haspelmath, M. & D.sims, A (2012) Understanding Morphology, second Edition, Hodder Education, London.

Pauwels, A (1998) Women Changing Language, Longman, London/ New York.

Ramlan (2018) Language Standardization in General Point of View, Volume I, BIRCI- Journal.

Rickerson & B. Hilton (2006) The 5 Minute Linguist: Bite- Sized Essays on Language and Languages (2nd), Equinox Publishing.

Rondea, Guy (1981) Introduction a la terminologies, Centre educative et cultural Montréal.

Shoba, Feziwe Martha(2001), The Representation of phonetic- Phonological Information in Nguni Dictionaries, M. A. Degree, Stellenbosch, Stellenbosch University.

https://www.researchgate.net/figure/Morphology-morphological-knowledge-and-morphological-processes_fig1_358370646

https://www.almojam.org/

https://www.dohadictionary.org/-

https://philosophy.stackexchange.com/questions/336/is-a-language-its-dictionary

https://www.collinsdictionary.com/dictionary/english/basic

https://en.wikipedia.org/wiki/Encyclopedic_dictionary

[1] . بۆ نمونە لە ئێستادا لە وڵاتی (ئیمارات) (عەرەبەکان) پڕۆژەیەکی لەم بابەتەیان هەیە، پڕۆژەکەیان بە ناوی (المعجم التاريخي للغة العربية)، ئەم پڕۆژەیە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری (الشيخ الدكتور سلطان بن محمد القاسمي) سەرۆکی ئیمارات دایە(https://www.almojam.org/)، ئەم پڕۆژەیە پەیوەندی بە فەرهەنگی مێژویی زمانی عەرەبییەوە هەیە، بۆ جێگیرکردنی وشە و واتاکانیان لە زمانی عەرەبیدا، لێکۆڵەران لە سەرجەم وڵاتانی عەرەبی و غەیری وڵاتانی عەرەبی، بە مەرجێک شارەزایی هەبێت، لە زمان و کلتوری عەرەبی تیادا بەشدارن، پاشان وڵاتی قەتەریش پڕۆژەیەکی لەو بابەتەی هەیە، لە بەشی دوەمدا ئاماژەمان بۆ کردوە.

2 . بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی فەرهەنگ و زمانی ستاندارد، بڕوانە:

١. شەهاب شێخ تەیب: ٢٠٢١: ٧٥- ٧٨ (هۆکارەکانی دانانی فەرهەنگ).

٢. بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حمەئەمین: ٢٠٠٧: ١٥- ١٦ (ڕێگەکانی دروستبونی زمانی ستاندارد)

[3] . ئینجا ئەم پلانە لەناو زۆرێک لە زمانەکاندا هەیە، بۆ نمونە: عەرەبەکان پڕۆژەیەکی لەو بابەتەیان هەیە، کە وڵاتی قەتەر پێی هەڵساوە، کار لەسەر فەرهەنگی زمانی عەرەبی و کۆکردنەوەی وشەکانی زمانی عەرەبی دەکەن، کارەکانی ئێستا لە تەواو بوندایە، بە ناوی (**معجم الدوحة التاريخي للغة العربية**) نزیکەی سەد بەرگە، قەتەر بەم شێوەیە بانگەوازی بۆ زانایان و خەڵکی عەرەبی زان کردوە "بانگەوازی زماناس و توێژەرانی ئارەزومەند دەکەین، بۆ بەشداریکردن لە فەرهەنگی مێژوی دەوحەی زمانی عەرەب، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کارلێک و بنیاتنانەوەی نوسین و کەرەستەکانی زمانی عەرەبی، ئێمە پێشوازی لە هەر سەرنجێک دەکەین، کە هەڵەیەک ڕاستبکاتەوە، یان گۆڕدن و مانایەک لێکبداتەوە یان هەر زانیارییەکی پێشوتری لایە" ( https://www.dohadictionary.org/-).